# پەیوەندی کوڕ وکچ..
# گوتاری عەشق و دۆستایەتی

ئاخۆ پەیوەندی نێوان کوڕو کچی کورد لە چ ئاستێك دایە و لەسەر چ بنەمایەك بنیادنراوە؟. بۆچی ئەو پەیوەندیە تا ئێستا بە نێو پرۆسەییەکی شەرمنانەی ناتەندروست تێدەپەڕێ.. کێن ئەوانەی دەبنە بەربەست لە بەردەم دروست بوونی پەیوەندیەکی عەقلانی و مرۆڤ دۆستانەی دوو ڕەگەزی جیاواز، تۆبلێیت کەنجی کورد خۆی گرفت بێت لەبەردەم ئەو پەیوەندییە، یان تردسیۆنی داسەپاو و عەقلی کۆنخوازانەی (باوك) بە مانا گشتییەکەی، یان هەموو گرفتەکە لە دیووێکی سایکۆلۆژی کۆ دەبێتەوە؟..

ئاشکرایە نەك هەر ئێستا، بەڵکو لەوەتەی کورد هەیە، بەدەست گرێی شەرم و داخراویی، یان ترس و بێ دەنگییەکی دەروونی دەناڵێنێت.

زۆر جار گەنجی کورد، کاتێك پرسیاری لێدەکرێت بۆ ناتوانرێ پەیوەندی نێوان کوڕان و کچان لە سەر بنەمایەکی تەندروست دابمەزرێت، بەخۆی نیە وەلأمێکی درووستی چنگ ناکەوێت، ناچار بێدەنگ و شێواو گۆش دەمێنێ.. ڕەنگە بەشێکی زۆری ئەو بێدەنگیە پەیوەندی بەو مێژووە خێڵەکی ونەریتگەریە هەبێت، کە ئێستایشی لەگەڵدابێت لە نێو کولتووری ئێمەی کورد لەسەر پێیان وەستاوە، هەروەکو چۆن پەیوەندی بە بێدەنگی و لاوازی عەقلیەتی کوردییەوە هەیە، کە بەو هەموو دامودەزگا مۆدێرنانەوە نەیانتوانیووە  ئەو پەیوەندیە تەندروست بکەن. بۆیەش زۆر ئاساییە کاتێك رۆژانە گوێبیستی ئەو باس وخواسانە دەبین، کە پەیوەندی بە بێدەنگبوون و شەرمنی گەنجی کوردی هەیە لە بەرامبەر ئاخافتن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر.. ئەمەیان لەوێوە پتر جێی کێشە و پرسیارە کاتێك دەپەڕێتەوە نێو مۆدێرینترین دەزگای کوردی، کە زانکۆیە.

ڕەنگبێت لەم ڕووەوە سەدان نموونە لە بیروەریمان ئامادەیی هەبێت، ئەوەنیە تاکی کورد تا زانکۆش تەواو دەکات، تاکێکی شەرمن و خۆپارێزە و بەردەوام بەنێو پرۆسەیەکدا ڕەتدەبێ، کە پرۆسەی شەرم و داخراوییە، خودی ئەو شەرمنیەش ناچاری دەکات پەیوەندی نێوان کوڕان و کچ بە پەیوەندیەکی پڕ لە عەیبە بزانێ و لە زهنیەتیەوە رەگەزی بەرامبەر بە بونەوەرێکی جیا ببینێ.

ئیدی لەوەێی ئەو نێوەندە مۆێرنەوە جارێکی تر دەپەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و( بڤە) لەتەك ئەو پەیوەندیی دادنێت.

بەلای زۆرێك لە رۆشەنبیران ئەو سستیە لە پەیوەندی نێوان کوڕو کچان بۆ لاوازی وشیاری ئەگەڕێتەوە، لای هەندێکی تریشیان بوونی گوتاری خێڵەکی و ئاینی پتر ئەو پەیوەندیەی ترسناك کردووە، سایۆکۆلۆژستانیش پێیان وایە سستی ئەو پەیوەندیە لە سەردەمێکی وەك ئەمڕۆ، کە دەتوانێ بەهۆی ئامێرە تەکنەلۆجیەکان هەموو دونیا ببینێ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گەنجی بێمتمانە بەرهەمبێت، ئەمە چ جای ئەوەی، کە ترسی نەخۆشییە دەروونیەکانی لەسەر دەبێت.

(کۆوار) لەم مەلەفەدا دەلیڤەی قسەکردن لە مەڕ هۆکارەکانی پشت ئەو شەرمە دەخاتە روو، بەو هیوایەی خوینەر لە دووتوێی بۆچوون و وردبوونەوە لە گوتارەکان، بە بەرچاو ڕوونییەك بگات و بە بەرسڤی کۆمەڵێك پرسیاری جیددی، کە دەمێکە دەکرێن ئاشنا بێت.

کۆوار

## بەشداربوونی مەلەف

ماجد نوری

د.عومەر پەتی

نوری بێخاڵی

فەرمان ساڵح

سیروان مەحمود

# تێڕوانینێ بۆ پێوەندی خۆشەویستی لە نیشتمانی (هەیاران و مەیاران)دا

تێڕوانینی: ماجد نوری



کیژ و کوڕ.. پیاو و ئافرەت.. یان نێر و مێ، هەر کام بۆ ئەوی تریان ئۆقیانووسێکە پان و بەرین، بە مەلەوانێتی یان بەدوو سەوڵی میکانیکی و بەلەمێکی مەعریفیانە یەکتریان پێ کەشف ناکرێت، بەڵکو هەر کام بۆ ئەوی تر پێویستی بە کەشتیەکی فیکری و رۆحی و هەستانەی ژێر دەریاییە تا شەپۆلەکانی خود و نهێنیەکانی زمان و ئەرکیۆلۆژیا جەستە و جوانیەکانی ڕۆح و شعووری بەرانبەر کەشف بکات..

لە ئاکامی ئەو هەموو هەوڵ و ئەزموون و ڕاکەڕاکەیەی لە



مێژوودا و تا ئێستا و بۆ داهاتووش لەلایەن ئەو دوو ڕەگەزەوە دەدرێن بۆ گەیشتن بە یەکتر و خۆشویستن و ڕازی کردنی یەکتری.. تاد.

جۆرەها میتۆلۆژیای قەشەنگ و حیکایەتی ئەویندارى و ڕەتکردنەوە و نازوو نووز و شەیدابوون و دڵ داخورپان هەن..

لێرەدا نە نیازمەندم حیکایەتی ئەو ساتە دیاریکراوانەی (پێوەندی) بگێڕمەوە، نە بەدوای ڕێسایەکدا خۆم سەرگەردان ئەکەم تا (پێوەندی نێوان نێر و مێ) لە چەند خاڵێکدا کۆبکەمەوە، چونکە ڕێساکان بە پێی حاڵەت و زەمەن، هەمیشە گۆڕانیان بەسەردادێت..

ئەوەندە هەیە بزانین، کە تەنیا لەو ساتەوەختانەدا (پێوەندی) بوونی هەیە کە هەردوو جەمسەری مێ و نێر بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی ژیان لە یەکتر نزیك دەبنەوە، لە ڕوانگەی نزیك بوونەوەی هارمۆنی و لێك گەیشتنی ئەم دوو ڕەگەزە لەگەڵ یەکتر، دەبنە هۆی بەرجەستەکردنی زیندەگی و ژیاندۆستی و بەردەوامێتی زەمەن، نەك ئەو زەمەنە تەقلیدییەی کە ژیانی ڕۆژانە دەپێوێت، بەڵکو ئەو زەمەنەی کە چڕێتی خۆی لە دید و تێڕامان و هەست و ڕاسك و هزردا کۆدەکاتەوە زەمەنێکە پڕە لە ژیان، سیمبوڵەکانی ئەو ژیانەش جیوەیین و بە داتای زانست و ڕێسای فەلسەفی و بەها ئەخلاقیەکان و موقەدەساتی ئایینی ناتوانین بیگرین، کەچی جاری وایە لە دڵەداخورپەی نێوان کیژو کوڕێکدا و لە ساتەوەختی لێو خستنە سەر لێودا، هەموو سیمبوڵە جوانەکانی ژیان لەنگەرێ دەگرن، یان بە تەزووی گەرمی چاوبڕکێی کوڕ و کیژێ کیشوەرێکی تازە لە گەردووندا دەدۆزرێتەوە، کە پڕیەتی لە خەون و حەز و عیشق، هەموو دید و بڕوا ڕدیکالەکانی کۆمەڵگە ناتوانێ دەربڕینی فیزیکی ئەو عاشقە ڕاگرن کە لە چاوانیدا ئاونگێ دەوەستێ و بە وشەی ((خۆشم دەوێی)) بۆ ڕەگەزی بەرانبەر گوزارشت لە هەست و سۆزێ دەکات تا پردێکی هاوبەشی لەگەڵ بەرانبەردا بۆ پێوەندیکردن دامەزرێنێ، ئەفسوونی ووشەی خۆشەویستی هێندە مەزنە ناچێتە ژێر هیچ بارێکی تیۆری ڕووتەوە، چونکە بەهایەکی هەستپێکراوی نێوان ئەو دوو ڕەگەزەیە، بەرجەستە کردنی گەمەیەکە، کەلوپەلەکانی ئەو گەمەیە لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێن و بەسەر



ئەندامەکانی لەشەوە دەنیشنەوە، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا لەدایك بووین ڕێساکانی پەروەردە و ڕەوشت و بەها چەسپیوەکان و جل و بەرگی زستانە و دەرگای ئاسن بۆ جەستەی خۆشەویستی بەرهەم دێنن، تەزووی کارەبا خراوەتە سەر ئەو جۆلانەیەی کە لە باخچەی عیشقدا بۆ جوولە ئیرۆتیکیەکان دانراوە، هەر ئەمەشە وا لە کوڕ و کیژانی ئەم نیشتمانە دەکات چێژ لە سەربەستیش وەرنەگرن، چونکە سەربەستی و خۆشەویستی، فڕین و ئەوین، کۆمەڵێ شتی پێکەوە بەستراون، جیهانی ناو شار و لادێ ئەگەر ئەو دوو وشەیە لە یەکەیەکی چڕ و پێکداچوودا کۆنەکاتەوە، دەبێتە جیهانی دارستان و هەموو بەختیاریەکیش بەبێ هاوئاوێتەبوونی ئەو دوو وشەیە بەختیارییەکی کێویی و سەرەڕۆ و کاتی دەبێ، ئەگەر لە هەر کۆمەڵگەیەك کیژان و کوڕان لە نسکۆ و شکستی زۆری خۆشەویستیەوە سەریان جوقابێ، لەو کۆمەڵگەیەدا ڕیتوالێکی توندتیژ و پڕ لە جنێو و تانە و تەشەر و خوێنڕێژی بەدار و دیواری ماڵەکانیەوە دەبینرێت، پشتی دەرگای ئاودەستەکانی دەبنە پڕۆژە بۆ دەربڕینی شەرم و ڕق و ترس و لەیەکترحاڵی نەبوون، ((کۆمەڵگەی بێ خۆشەویستی)) ئاو و هەوایەکی ژەهراوی و خۆبەتاڵکردنێکی توندی ژێر لێفەی زستانێکی تاریکە، ((کۆمەڵگەی بێ عیشق))واتا گواستنەوەی قەبرستان لە گردۆڵکەکانەوە بۆ ژێر نوێن و سەرین و جێی حەوانەوەی ئینسان، لە خۆڕا نییە کە باس لە پێوەندی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە دەکرێ نوکی خامەم لاردەبێتەوە بۆ بەسەرکردنەوەی پانتاییەك کە ستراکتۆری پێوەندییەکانی نێوان ئەو دووو ڕەگەزەی تێدا حەشاردراوە، تەنیا بە داڕشتەی خۆشەویستی ئەو ستراکتۆرە دەبینرێتەوە، دڵنیام کەللەڕەقترین گەنجی ئەم نیشتمانە کاتێ لە ڕەگەزی بەرانبەر دەڕوانێ نەرمترین ئیرۆتیك دەخاتە بەر پەنجەرەی ئەندێشەکانیەوە، هەر لەو پەنجەرەیەوەیە ئەو گەنجە هەست بە کێشە و گرفتێکی بێ سنووری دەسەڵات دەکات، لە بەژێر لێو خستنی حەزەکانە کە ڕووداوە تراژیدیەکان لە دەرووندا دەخولقێنێ، بەهۆیانەوە کێشە و ململانێکان لە نێوان مرۆڤەکاندا یەکتردەبڕن، جەنگەکان خوێناوی تر دەبن، لەهەر جێگەیەك خۆشەویستی نێوان کوڕ و کیژێ بە ((حەیاچوون)) و ((عەیبە)) و ((حەرامە)) باس بکرێت، یان بە چەند بۆ چوونێکی کۆنکرێتی ڕووبەڕوویان ببنەوە، لەو جێگەیەدا پرۆگرامی ڕۆژانە بۆ نەفرەت کردن لە بوون و ژیان دادەڕێژرێتەوە، لە بری پشکنینی بەریئانەی دڵ و دەروون، ناو گەڵ و گیرفان و مێشك و ناو پێڵاو دەپشکنرێ، حەزەکان تەنیا بۆ شەهوەت تەرخان دەکرێن، پەردەکان زۆر سادییانە دەدڕێن، هێزێکی وێرانکەر بەردەبێتە هەموو ئیستاتیکا و بەخشینێ، وزە و توانای هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ تەنیا بۆ خەیاڵ و شەرمی بەردەوام و دەسپەڕ و ترس لە بەرانبەر بە هەدەردەچێ، بەرهەم و ئەفراندن و خوڵقاندنەکان ئەبستراکانە دەخەوێنرێن و هیچ هەست و سۆزێ لە خۆناگرن..

*  *  *

هاروهاجی لە زمانی پەیڤین و دیالۆگ و زمانی جەستەی نێوان



کیژان و کوڕان پرۆژەیەکی مەزن و دۆزراوەیەکی گەردوونیە، چەندە ئایین و ئایدۆلۆژیا بەناوی ڕێکخستن و بەیاسایی کردنەوە دەست لەو پرۆژەیە وەردەن، هێندە زیاتر لە ڕووی پراکتیزەوە ئالۆزی دەکەن، بەسەرهاتە توندوتیژ و ڕۆمانسیاتە جوانەمەرگەکانی لە مێژوودا تۆمارکراون، باشترین گەواهیدەری ڕاستی ئەم بۆچوونەن، چونکە نایەوێ لەو ڕاستییە تێبگەن لە جیهانی پێوەندی خۆشەویستی نێوان نێرومێدا هیچ سنورێکی لۆژیکی و هیچ پێوانە و چوارچێوەیەکی ڕێسایی و ماتماتیکی بوونی بۆ نامێنێ، کاتێ بیر لە پێوەندییە دابڕوەکانی ڕەگەزی مێ و نێری خۆرهەڵات دەکەمەوە هەمیشە ((تراژیدیای هاملێت))م لەو دابڕانەدا دێتەوە پێش چاو، کە لەو تراژیدیایەدا لەبیرکردن و پێشێلکردنی سۆز و حەز و هەستەکانی ((خود)) وەك تاکی سەربەست و سەربەخۆ مرۆڤێکی تاك و تەنیا دێنێتە پێش چاومان، ئیتر وێنەی ستراکتۆری ڕژێمەکان و دەسەلات و پێوەندی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و سیستمە هەمە لایەنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ((بەتەنیایی تاکەکانیەوە)) نوقمی تارمایی دەبن، واتە کۆمەڵگە دەبێتە تارماییەکی خنکێنەری وا کە پڕە لە ڕۆحی دابڕاو و تەنیا و بریندار، نێرەکان لە دوورگەیەکی پڕ لە هەوەس و شەهوەتەوە بە دووربین لە دوورگەی مێیەکان دەڕوانن، عیشق و خۆشەویستی بێگەردیش دەبنە قوربانی خەیاڵاتی شەهوەت و، مێیەکانیش هەمان شێوە لە دوورگەیەکی ترەوە بە تەنیایی و بەدیار خەیاڵاتی پێگەیشتنی ڕۆمانسییەوە سەر دەنێنەوە، پێمان سەیر نەبێ کە زۆربەی بالیف و جێگەی خەوتنی ژن و مێردەکانیش ئەو دوو دوورگەیەیان بەسەرەوە نیشتەجێیە، هەر حەزێکی واڕسکانەی نێوان نێر و مێ ئەگەر لە سۆز و هەستێکی قووڵی خۆشەویستی بەدوور بێ چڵێسانەیە و بۆ ساتەوەختێکی ڕاگوزەرە و بەس، لە هەردوو حاڵەتیشدا گەر فرۆیدیانە لەم مەسەلەیە بڕوانین چەپاندنی هەر حەزێکی تاك لەلایەن باوك و کۆمەڵگەوە ئاکامێکی ناهەمواری لە دوایە، ئەویش کوشتنی باوك یان خوێنڕێژییە بە گشتی هەمیشە لە خۆرهەڵاتتدا، هێزە تەقلیدییەکان میکانیزمی پێوەندی و چەپاندنی حەزەکانیان لەلا وەك پرۆژەیەکە، زیاتریش پیاوان داڕێژەری ئەم پرۆژەیەن تا کۆنترۆڵی لایەنە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگەی پێ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بەهانەی ئەخلاقی و یاسایی دادەڕێژرێنەوە تا ئافرەت و منداڵ ببنە موڵکی پیاو، هەروەك موڵکایەتی خانووبەرە و ماشێن و شتی تر مامڵەتیان لەگەڵ بکرێت.

لەلای ئێمەش بەخۆ بزانین یان نەزانین لە کۆمەڵگەکەماندا بۆچوونێکی ئەفسانەیی زاڵە لەسەر بیرکردنەوەماندا کاتێ تەنیا جەمسەری ((نێر)) بە بڕیاردەری چارەنووس دەژمێرین، چونکە یەکەمین سەرپێچیکارێ بەرانبەر خواوەند ئەنجام درابێ، لەلایەن((مێ))وە بووە، کاتێ شەیتان فریوی داوە و لە درەختی حەرام کراوی خواردووە، کەواتە پێوەندی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە وابەستەیە بە تێڕوانینێکی ئایینی، نامەوێ زیاتر بەم لقەدا شۆڕببمەوە، چونکە پەلکێشم دەکاتە ناو وتارێکی جیاواز لەمەی مەبەستمە بیگەیەنم، نەهامەتیەکە لەوەدایە ئەو دوو ڕەگەزە بەدەگمەن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ڕێی ئەوینەوە توانیویانە ئەم تێڕوانینە ئایینیە بە پەراوێز بخەن، واتە خۆشەویستی ئەو هێزە فریادڕەسە نەبووە بۆ لادانی ئەو بۆچوونەی کە ئافرەت ملکەچی پیاوە، لە کاتێکدا تەنیا بە ئاوێزانی ئەو دوو رەگەزە (لە ئەویندا) ڤایرۆسی ملکەچ بوون لاواز دەبێ..

هەولێر2006/2/21

**ئاداری**

2006

# پەیوەندی نێوان کوڕ و کچی کورد

د. عومەر ئیبراهیم عەزیز ( پەتی )*



پێش ئەوەی باسی ئەو پەیوەندییە بکەین، دەبێت بگەڕێینەوە لای کەسایەتی بە گشتی و کەسایەتی کوڕ و کچی کورد لە کۆمەڵگای کوردەواری و زانکۆ بەتایبەتی. ئەگەر بێتو لەتەك یەکێ لە پێناسەکانی کەسایەتی بوەستین، کە ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:"لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژیری و جەستەیی و هەست و سۆز و جووڵەیی" هەر لایەنێك لەم لایەنانە دەگریت بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو پەیوەندیەی نێوان کوڕ و کچ لەهەر قۆناغ و تەمەنێك و کۆمەڵگایەك و ولأتێکدابێت، جگە لەم لایەنانەی ئاماژەمان پێ کرد، لایەنی داب و نەریتی باوی کۆمەڵگای کوردەواری، پەروەردەی ماڵەوە (خێزان)، قوتابخانە بەهەموو قۆناغەکانی خوێندن و بەهەموو پێکهاتەی ناویەوە و فەرمانگەکان و پرۆگرامی خوێندن و هۆکارەکانی راگەیاندن، بەهەموو جۆر و چەشنەکانیەوە و سەرباری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم بەهەردوو لایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤیەوە، کار لەم پەیوەندی نێوانیان دەکات.

بەلأم بێین بزانین ئەم پەیوەندییە لە چ ئاستێك دایە؟. بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە، ئەمەیان کارێکی ئاسان نییە.ئەگەر بمانەوێت ئاکامەکەی پشتی پێ ببەستین، دەبێت توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەین و نموونە لە کۆمەڵگای کوردەواری وەربگرین و بە پێوەرێ ئەم پەیوەندییانە بپێوین، رەنگە هەتاکو لەو کاتەشدا لە (100٪)دا ناتوانین پشتی پێ ببەستین، چونکە خۆی لە خۆی ئەم پەیوەندییە دەچێتە خانەی زانستە مرۆڤایەتیەکانەوە، کەواتە بەووردی ناتوانین دەست نیشانی بکەین، ئەم پەیوەندییە هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێیکرد، لە ولأتێکەوە بۆ ولاتێك و لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکەوە، لە نەتەوەیەك بۆ نەتەوەیەکی دیکەوە و شار و گەڕەکێك و گوندێك و بۆ گوندێکی دیکەو لە خێزانێك بۆ خێزانێکی تر، تەنانەت لە تاکێکی کورد بۆ تاکێکی دیکەی کورد، من دەڵێم تاکێك هەر بۆ خۆی لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی دیکەوە دەگۆڕێت، بەپێی ئەو هۆکارانەی پێك هاتەی کەسایەتی هەر تاکێك.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە خۆمان بپرسین، لەسەر چ بنەمایەك بنیادنراوە؟ دەتوانین بڵێین لەسەر ئەم لایەنانەی خوارەوە بنیادنراوە:

1_لەسەر بنەمای ژیری و زانیاری، ئەم لایەنەش دەگەڕێتەوە سەر تاکەکە، تاچ ڕادەیەك ژیرە و زانیاری هەیەو، لەهەمان کاتدا ئەو ژیری و زانیارییەی بەکاردەهێنێت بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نێوانی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەری.

2_دووەم لایەن: هەست و سۆزە، ئایا ئەو پەیوەندی نێوانی لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر لە سەر بنەمایی هەست و سۆز بەتەنها بنیاتنراوە یا ئەوەتە لەگەڵ لایەنی ژیری و زانیاریەکە بە هاوکاری ئەنجامی دەدات؟!

3_هەندێ جار ئەو پەیوەندییە لەسەر بنەمایەکی بەرژوەندی تایبەت دادەمەزرێت، رەنگە سەرکەوتن بهێنێت و لە هەندێ جارانی دیکە بە پێچەوانە دەبێت.

4_جاری واش هەیە لەسەر بنەمای ئایینی، ئەو پەیوەندییە گرێ دەدرێت و بەپێی ئەو ئاینەی لەسەرێتی و بڕوایی پێی هەیە، لە زۆربەی جارانیش دەبینین سەرکەوتن دەهێنێت، لەوانەشە بەدەگمەن پێچەوانەی بکەوێتەوە.

5_جۆرێکی دیکەی ئەو پەیوەندییانەی لەسەر بنەمای بەرژوەندی گشتی، جاری وا نەتەوایەتی و نیشتمانێتی یە، چارەنووسە ئینجا ئەو پەیوەندییانە بەم جۆرە دروست دەبن دیار و ئاشکران گەلێ جاری دیکە بە کردارێکی شەرمنانە تێدەپەڕێت، بەهۆی ئەم جۆرەی پەیوەندییەش بۆ پەروەردەیی بەرایی ماڵەوە (خێزان) و قوتابخانە و تەنانەت کۆمەڵگاش دەگەڕێتەوە، هەندێ خێزان بەپێی رێنمایی و ئاراستەکردنێکی پەروەردەییانەی دروست هانی ئەم پەیوەندی دروست بوونە دەدەن، هەندێکی دیکە بە هۆی سەرکووتکردنەوە و هەتاکو دەگاتە قوتابخانەکانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

بەلأم ئەگەر بپرسین کێن ئەوانەی دەبنە بەربەست لەبەردەم دروست بوونی پەیوەندییەکی ژیرانەی مرۆڤ دۆستانەی دوو ڕەگەزی جیاواز؟!

ئەمانەش کۆمەڵێك کەس و لایەنن، لەوانە:

1_خودی گەنجانی کورد، خودی گەنجەکە خۆیەتی، تا چ رادەیەك خاوەن کەسایەتییێکی لێهاتوو و سەرکەوتووە، چونکە پێکهاتەی خودی گەنجی ئەگەر خاوەن کەسایەتیەکی تەواو و دروست بێت، هەر ئەمەیان رەنگدەداتەوە لەو پەیوەندییە، بەلأم ئەگەر کەسەکە (تاکەکە) خۆی خاوەن کەسایەتیەکی نا ئاسایی و نا دروست و نەخۆش بێت، بێگومان ئەو پەیوەندییەش لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر، نەخۆش و لاواز و نادروست دەبێت.

2_هەندێ جار (دایك و باوك)، بە پلەی دووەم ئەوەشیان رەنگە بەهۆی کەم زانین و نەبوونی هۆشیاری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لایەنی دەروونی و بگرە لایەنەکانی دیکەش.

3_قوتابخانە بە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، بە پلەی سێیەم.

4_کۆمەڵگا، بە راگەیاندن و هەموو جۆرەکانیەوە، بە پلەی چوارەم. دووریش نییە هەموو بەیەکەوە کۆببنەوە و بەلایەنی سایکۆلۆژی خۆی پیشان بدات، یا ئەوەتە دوور لە لایەنی پەیوەندی دووردەکەوێتەوە و گۆشەگیر و دوورە پەرێز دەوەستێت و بە هیچ شێوەیەك ئەم پەیوەندییە بەدی ناکرێت، یاخود بە پێچەوانە بە پەیوەندییەکی سەرکەوتووانە خۆی دەبینێتەوە.

بەلأم کاتێك جۆری ئەم پەیوەندییە دەگوازرێتەوە ناو زانکۆ، وەکو هەموو شوێنەکانی دیکە، بە کەمێ جیاوازییەوە ئەم دیاردەیەی پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ دەبینرێت، چونکە هەمان (تاکە)کە لەهەمان کۆمەڵ و کۆمەڵگا هاتۆتە زانکۆ و لەهەمان خێزانی کوردە و بەهەمان قۆناغەکانی خوێندن تێپەڕبووە، بۆیە لێرەدا زیاتر دەوەستێتە سەر خودی گەنجەکە بە چ شێوە و شێوازێك رەفتاردەکات.

*پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆ سەلاحەدین هەولێر

# پەیوەندی کوڕ و کچ ..

## سێبەری کولتور و ئاسۆی خود گۆڕان

نوری بێخاڵی



زۆر جار و لەشوێنەکانی تردا باس لە پەیوەندی نێوان کچ و کوڕ کراوە، لە هەر یەکێك لەم باسانەشدا کەم تا زۆر ئاماژە بەچەندین تەوەری گرنگ و پەیوەست بە پەیوەندی کراوە.... لەگەڵ هەموو ئەوباس و خواستانەدا و لەتەك وروژاندنی سەرجەمی پرسیارە گرنگەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیە ، کەچی دەبینین وەڵامەکان هێشتا تێنوێتیەکانمانی نەشکاندووە.

پێم وایە بۆ قسەکردن لەسەر سروشت و چیەتی و چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە و دیوی ئەرێنی و نەرێنی و هۆکارەکانی ناتەندروستی پرۆسەکە، دەبێ بۆ تێگەیشتنی خودی کۆمەڵگای کوردی بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن و جۆر و سروشتی پەیوەندی نێوان خێزان بگەڕێینەوە. کەلەمەشدا راستەوخۆ دەبێ باس لە کاریگەری و رەنگدانەوە نەرێنیەکانی کولتور و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی و کایەی ئاین بکەین، بەمانایێکی تر لەدەرەوەی باسکردنی ئەم رەهەندانە و فەرامۆش کردنی ئەولایەنانە خوێندنەوەکەمان کورتی دێنێ.... ئاخر لەمیانی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، کەلە رێگای میکانیزم و هۆکارەکانی بە کۆمەڵایەتی بوون، شوناسێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دەبەخشنە تاکەکان مەترسی ئەو گوتارە مەرگدۆستیەمان بۆ دەردەکەوێ، کەپرۆسەی پەیوەندی کردن لەمانا جوانەکانی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە، پرۆسەیەك لەمانا بەخشین بە ژیان دەیگۆرێ بۆ ناشرینکردنی ژیان.. دیارە دوور و نزیك.. کەم و زۆر.. راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، بەتەنیشت ئەم هۆکارانەشەوە، بونیادی سایکۆلۆژی کەسەکان خۆیشیان رۆڵ دەبینین، بەڵام خودی ئەو بونیادەش بە جۆرێك لە جۆرەکان دێتەوە ژێر باری کاریگەریەکانی ژینگەی خێزان و سیستەمی کۆمەڵایەتی و ستراکتۆر و دابونەریت و ئاین و..... هتد... سستی و ناتەندروستی ئەو پەیوەندیەی نێوان کوڕ و کچی کورد، چەندە پەیوەستە بە ترس و شەرمی ناوەوەی هەریەکێکمان، هاوکات هێندەو زیاتریش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ئەو پەروەردە و فێرکردن و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتیەی لە سەری گۆش کراوین، ئەو بەهاو سیستەمەی کە زادە و بەرهەمی عەقڵی پاتریارکی و کولتورێکی نەرێتگەرای خێڵەکە، کە رەگ و سەرچاوەکانی لە ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی و کایەی ئایین درێژ دەبنەوە بۆ ئەمڕۆ... ترادسیۆن و ستراکتۆرێك کە هەمیشە شوناسی مرۆڤبوونی لە رەگەزێك سەندۆتەوە و کۆی ماناکانی ژیانی بە رەگەزەکەی تر بەخشیوە...

هەرلەناو خێزاندا کوڕەکانمان نابێ یاری کچانە و کچانمان ناشێ رەفتاری کوڕانە بکەن.. لەو ژینگەیە فێردەکرێین بووکە شووشە بۆ کچ و تفەنگ و دەمانچە بۆ کوڕ هەڵبژێرین... هەرلەوێ فێری عەیبەی قسەی مناڵی کوڕ لە مەجلیسان و بڤەی دواکەوتنی کچ دەکرێین لە کۆڵان..



لە چاوەڕوانی پەیوەندییەکی تەندروستدا.. کۆوار



**کاتێک گەنجی کورد لە وێنەکانەوە سەیری پەیوەندی نێوان کوڕو کچانی رۆژ ئاوا دەکات.. کۆوار**

زۆری پێ ناچێ بەدەرسەکانی دەستنوێژ شکان و ئابڕووتکان و خۆداپۆشین و چی و چی تر تەلقین دەدرێین... مەترسیەکە لەوێدا گەورەتر دەبێت کەلەگەڵ خێزاندا یەکە و دامەزراوە و هۆکارەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون کاری چڕتر لەسەر ئاراستەکردنی پەیوەندی و رەفتارەکانی تاکەکەس دەکەن، تەنانەت زۆرینەی هەرە زۆری ئەو دەزگاو دامەزراوانەش، کە بۆ خۆمان و بێ هیچ پێودانگ و پێوەرێك ناومان ناون دەزگای مۆدێرن و مەدەنی، کۆیلەی ئەو کلتورە داسەپاو و ژینگە نەرێتگەرایەن و جورئەت و ئیرادەی ئەوەیان نیە، تۆزی ئەم مێژووە لە خۆیان دامالن.. چونکە ئەوە بەتەنها خێزان نیە لە پرۆسەی بەخشینی شوناسی کۆمەڵایەتی بە تاکەکان بەو ئاقارەدا دەچێت، بەڵکو لەگەڵ ئەو و هاوتەریب دەزگاو هۆکارەکانی تریش ( باخچەی ساوایان، زانکۆ، دەزگاکانی دەوڵەت، مزگەوت و....هتد....)، وێرانتر ئیش لەسەر بەرهەمهێنانی ئەو جیاوازیە جێندەریانە دەکەن، کە راستەوخۆ پرۆسەی پەیوەندیکردنی نێوان ئەم دوو رەگەزە، بە ئاراستەیەکی مەرگدۆست و نامرۆیانە دەبەن، زۆر جار وا رێککەوتووە بەرهەمی سیستەمی بیرکردنەوە و کاری ئەو نێوەند و هۆکارانە لەسەر بنەمای بەکۆیلە کردنی رەگەزێك بووە بۆ ئەویتر... کەوابێت بەرپرسیارێتی هەرە زۆری ئەو بێدەنگی و شەرم و ترسی رەگەزەکان لەپەیوەندیکردندا لەگەڵ یەکتری، دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەهاو نۆرم و ڕێوڕەسمانەی کەلەمیانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەو دەزگاو هۆکارانەی بە کومەڵایەتیبوونەوە فێریان دەبین، باشتر بڵێین سروشتی بیرکردنەوە و بونیادی عەقڵی خودی ئەو دامەزراوە و هۆکارانە خۆیان، کە تاسەر ئێسقان ژەنگ و مۆرانەی نەرێتگەرایی خواردوونی، تەنانەت کورتکردنەوەی ئەمانە و رەهەندە مرۆیی و مۆڕالیانەی چەمکی ئابڕوو ( شەڕەف) لە کۆمەڵگای ئێمە بۆ نێوگەڵی ئافرەت، دیوێکی تری ئەو ستراکتۆرە ئیفلیج و نەریتە چەقبەستووەیە، کە لە سێبەری هەژمونی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایندا گەشەدەکات. لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی هوشیاری هۆکارێکی ترە کە نەوەکانمان نەیانتوانیووە ئەوتەلسیم و سنورانە تێپەرێنن.. بەمانایەکی دی گەنجی ئێمە (کچ و کوڕ) لەگەڵ هەموو ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتن و فرەکەنال بوونەی سەرچاوەکانی زانیاری و رۆشنبیری و هوشیاری نەیانتوانیووە، وەکو خود ئێرادەیی و رامان و قوڵبوونەوە تێگەیشتنیان بۆ سروشتی پەیوەندی کردنیان لەگەڵ یەکتر تێپەرێنن.... واتە لەگەڵ بێدەنگی ترس و شەرمی ناوەوەیاندا، نەیانتوانیوە بە گوێرەی پێدراوەکانی سەردەمی خۆیان و بەو هەموو سەرچاوەو شێواز و میکانزمانەی لەبەر دەستیاندا بە، خۆیان لە سێبەری ئەو کلتورە چەقیوە رزگار بکەن و خودیانە مانایەکی ژیان و مرۆدۆستانە، لە بری ماناغەریزەییەکان بدەنە چەمکی پەیوەندی و پرۆسەی پەیوەندیکردن... بەمانایەك لەماناکان لەگەڵ عەقڵیەتی پاتریارکی و گوتاری خێڵەکی و بڤە و عەیبەکانی کولتور و ئاین، لاوازی هوشیاری کۆمەڵایەتی خودی گەنج بەربەستێکی تری بەردەم بە ناتەندروست مانەوە و بەڕێوەچوونی پڕۆسەی پەیوەندی نێوان کوڕان و کچانە... واتا لەگەڵ هەموو فشارەکانی دەرەوەی تاکەکەس لە سەر ئاستی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و ترادسیۆن و ئاین، باری سایکۆلۆژی و نائامادەیی خود ئیرادەیی گەنج بۆ گۆڕان فاکتەری پشتی ئەم پەتایەی ناتەندروستی پەیوەندیکردنن.

**ئاداری**

2006

# لاوازی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆدا

فەرمان سالّح

ئەگەر زانکو ئەو جیهانە فراوانە بێت، تیایدا خوێندکار بکارێت ڕۆڵ و ئەرکەکانی خۆی تەوزیف بکات و بە شێوەیەکی شمولی بەسەر قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ناوەوەی کۆمەڵگا دەرباز بێت، بێگومان من و تۆش لە ئاست گەورەیی زانکۆ دا، چۆك دادەدەین و چیتر پرسیاری بێ وەڵام ئاراستەی کارەکتەرەکانی ناوەوەی ئەو دەزگا مەعریفیە ناکەین! بەڵام لە کاتێکدا دەبینین زانکۆ ناتوانێت ئەو کەناڵە بەر فراوانە بێت، زیاتر لە کافی نێتێکی بازاڕ کاریگەری خۆی بەسەر دابەکانی ناو کۆمەڵگادا بنوێنێت، ناچار دەبین لە هەمبەر گەورەیی و پیرۆزی ئەو دەزگایەدا، بکەوینە گومان و بە نێوەندێکی دۆگما پێناسەی بکەین، زانکۆکانی کوردستان تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئەو پاناتییە جوانە بن، لەوێدا قوتابی بتوانێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بەهێز بکات و بەرەنگاری قەیرانە کۆمەڵایەتیەکانی دەرەوەی زانکۆ ببێتەوە، ڕەنگە بە بەراورد لەگەڵ زانکۆکانی دونیای پێشکەوتوو، زانکۆکانی ئێرە زۆر لە دواوەبن، لێرە مامۆستایان بە داخەوە هێندەی سەرقاڵی پێشبڕکێی کورسی و دەسەڵاتن لەناو زانکۆدا، هێندە لە خەمی زانکۆ و پرۆگرامەکانی خوێندندانین، ئەوان هەمیشە لەناو هۆبەکانی خوێندندا، بەر دەبنە گیانی یەکتر و باکیان بەوە نییە قوتابی چی فێر دەبێت و چۆن فێر دەبێت؟!...

جا کاتێك زانکۆ بەلای خوێندکارانەوە دەبێتە شوێنی بەسەربردنی کات و پەیداکردنی بژێوی، ئەو دەزگا مەعریفیە مانا جوانەکانی خۆی لە دەست دەدات و لە پیرۆزی کەم دەبێتەوە. ئەگەریش زانکو ئەو پێوەرە بێت، قوتابی لەوێدا شتگەلێکی جیاواز دەربارەی واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەی فێر ببێت، دیسانەوە زانکۆکانی ئێمە نەیانتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینن و گرێ کۆمەڵایەتییەکان لەوێدا گەورەتر و گەورەتر دەبن، کاتێکیش لۆژیك و بیرکردنەوەی خوێندکارێکی زانکۆ، هیچ جیاوازی نابێت، لەگەڵ کەسێکی تری دەرەوەی ئەو نێوەندە، دواتر ئەو هاوکێشە مەعریفییەی کە زانکۆ پێی دەناسرێتەوە، دەبێتە دروشمێکی قەبە و پەراوێزکراو لە گۆڕانکاری، بۆیەشە قوتابیانی زانکۆ ناتوانن بە ڕووی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەڵشاخێن و پەیوەندی تەندروست، لەگەڵ یەکتر ببەستن و هەندێ دابی قێزەون بەلاوە بنێن، بەمەش فەوزایەکی گەورەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە دوای تەواوکردنی قۆناغی زانکۆ ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبێتەوە، کە بڕوانامەیان وەرگرتووە، چونکە لە جەوهەردا هەمان بزاوتی پێش چونە زانکۆ لە عەقڵیاندا هەیە و گۆڕانکاریان بەسەر دا نەهاتووە، ئەگەر سەرژمێرییێکی ئەو بڕوانامانە بکەین، کەساڵانە لە زانکۆکان دەبەشرێنەوە، بە بەراورد لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە زانکۆکانی ئێرە هێندەی سەرچاوەیەکی چاکن بۆ تەوزیف کردن، هێندە ئەکتیڤ نین، بۆ دروست کردنی گۆڕانکاری جەوهەری لە هەناوی کۆمەڵگادا، چونکە ئەو کارەکتەرانەی ناو زانکۆ، زۆربەیان کەسی مت بووی پیرن و لە ناوەڕۆکی کۆمەڵێ پرۆگرامی ئیفلیج زیاتر هیچی تریان پێ نییە، لێرە قوتابی زانکۆ ئەو سەلیقە زانستییەی نیە، بتوانێ لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا، داهێنان بکات و تەنانەت ناتوانێ پێشنیاری گۆڕانکاریش بخاتە بەردەم مامۆستاکانی، جیا لەوەش کچان و کوڕان لە ناو زانکۆدا، تا ئەو پەڕی بەیەکتر نامۆن و چوار ساڵی زانکۆش تەواو دەکەن، ناوەکانی یەکتریان پێ ئەزبەر ناکرێت و ناتوانن پیاسەیەك بەیەکەوە بکەن، ئیدی لێرەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەرەس دێنن و خوێندکاران دوای تەواوکردنی زانکۆش توشی فۆبیا و دڵە ڕاوکێ دەبن و لە ئاست کردە کۆمەڵایەتییە نێگەتیڤەکاندا بێدەنگ دەمێننەوە و ناتوانن ئەو هێزە دروست بکەن، کە گوشار بخاتە سەر چوارچێوەی تەسکی کۆمەڵگا و هەندێ خوێندنەوەی مەنتیقیانە بۆ دیاردە و دابە داسەپێنراوەکانی ناوەوەی خێزانە کانیشیان بکەن، ئەمەش نەخۆشییەکە بەرۆکی زۆربەی ئەو کەسانە دەگرێت، کە وا دەزانن زانکۆ وەك سوپەرمارکێتێك وایە و هیچی ترنا، ئەوان لە



ترسی مامۆستاکانیان ناتوانن پەرە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بدەن و ئامانجەکانیان بهێننە دی، ئیتر کۆمەڵێ چەمك و شێواز گەلی جیاواز فێر دەبن و لە چوار چێوەی ئەو مەلزەمەیە دەر ناچن، کە لە زانکۆدا خوێندویانە و هەمان کەسی پێش زانکۆ دەمێننەوە، بەڵام لە قاڵبێکی دیکەی نامۆ بە کۆمەڵگاکەیان. ڕەنگە کوشتنی خەونی گەنج لەزانکۆدا بەمانای شکست پێهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بێت، چونکە کاتێك گەنج لە قۆناغی زانکۆدا، لە تەواوی پەیوەنییەکان هەرەس دەهێنێت و ناتوانێت خاوەن پڕۆژە بێت، ئیتر دوای تەواوکردنی زانکۆش ترسنۆك ودورە پەرێز دەمێنێتەوە، زۆر جار کە قسە لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکرێت، داب ونەریت وکۆمەڵگا بەوە تاوانبار دەکرێن، کەپشکی زیاتری خەراباتەکانیان بەرکەوتووە، ئەویش لەسەرەتاوە خێزان هێزێکی ئەکتیڤی تێکدانی پەیوەندی جڤاکی ودروشمی گەورەی بڤەکانە لە بەردەم ئەودا، ئەو بەمانای ئەو هێزە لاوازەی لە هەمووشتێکی جوان سڵدەکاتەوە، جائیتر لەوێوە هاوکێشەیەکی ناتەندروست دێتە ئاراوە، دواتریش قوتابخانە ئەو ڕۆڵە شەرەنگێزیە دەبینێت، جا کاتێك گەنج بەو هەموو قۆناغە پڕ لەفۆبیاو ترسناکانەدا تێدەپەڕێت، کەدەگاتە زانکۆش پڕدەبێت لە شەرمنی و ترس لەئیتارێکی ڕەش وسپی دا دیلی دەکات، بۆیەشە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە زانکۆدا هاوکێشەیەکی ئیفلیجە و هیچی ترنا.

Farman_salih81@yahoo.com

# ئەوان بەنیگای شەرمنانە یەکتریان دەدواند

سیروان مەحموود

**(کە منی گەنج لەو وڵاتەدا تا ئێستا نەم توانیوە بە ئازادی لەگەڵ ئەو کەسەی، کە خۆشم دەوێت پیاسە بکەم و خولیاکانم بگۆڕمەوە، ئاخر بە چی دڵخۆشبم، دڵی پڕ نیگەرانم چۆن ئاسوودەبکەم، براله من هەست دەکەم، لێرە هیچ شتێك نیە دڵنەوایم بکات)، ئەمە تێڕوانینی ئاسۆ ئیبراهیمی قوتابی کۆلیژ بوو، کە بیرۆکەی ئەم ریپۆرتاژەی لا گەلاڵە کردم.**

بەڕێکەوت ئێوارەیەکی زوو پیاسەیەکی سەر گردێکم کرد، کە بەسەر گەڕەکەکەی ئێمەدا دەڕوانێت.. بینیم گەنجێکی زۆر بە کچ و کوڕەوە لەوێ کۆببوونەتەوە.. کچەکان بەتەنیا و کوڕەکانیش بەتەنیا. منیش ئەو دیمەنەم لەلاسەیر بوو، کە بەوردی سەرنجم دا ئەوان لەژێر نیگاوە سەرنجیان لە یەکتر دەدا، بەشەرمەوە ئاوڕیان لەیەکتر دەدایەوە، من لەلاپەڕگەیەکی گردەکە، کە دەیڕوانیە سەر هەموو شار دانیشتم، لەگەڵ چەند گەنجێك کەوتمە گفت و گۆ، ئەوان لە قسەکانیاندا دیاربوو، سەرەڕای بێزاری و بوونی پرسیاری زۆر لە خەیاڵیان، بەڵام لەگەڵ ئەو رەوشە ڕاهاتوون، ئارام کە گەنجێکی 27 ساڵان بوو، پێیوتم کاکە تۆ بەدوای چی دەگەڕێیت، ئەم وڵاتە چ شتێکی تەندروستە، تا پەیوەندی نێوان کوڕو کچانی تەندروست و دۆستانە بێت، ئێمە کەی دەزانین هاوڕێ و دۆستی راستەقینەی یەکتر بین، کەی لە مانای دروستی عەشق و خۆشەویستی گەیشتووین؟ بێگومان قسەکانی ئارام پرسیارگەلێکیان لام دروستکرد.. ئاخۆ بۆچی ئەو هەمووکوڕ و کچانە، هەریەکە و لە گەڵ هاوڕەگەزی خۆی دایە و لای ئەستەمە لەگەڵ رەگەزی بەرامبەری دابنیشێت، یان بە پەیوەندییەکی دۆستانە ئەو رۆژە خۆشە بەڕێبکات. دەبێ چ نهێنیەك لەوەدا هەبێ، تۆبڵێین شەرم رۆڵی هەبێ، یان ناهۆشیاری گەنجی کورد، بەهەر حاڵ ویستم زیاتر لەو نهێنیە بگەم.. خۆم بۆنەگیراو سەرێکم لە هەندێك کۆلیژو پەیمانگادا، لەوێش هەمان دیمەنی سەرگردەکە دووبارە ببووەوە، وامدەزانی ئەوێ کە دەزگایەکی زانستییە لەڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە لە حاڵێکی باشدایە و لە دیمەنی سەر گردەکە جیاوازە، بەڵام دیمەنەکان وەك یەك بوون... لە وێشدا خەونەکان لەگۆڕ دەنران، لە یەکەمین تەماشامدا بینیم، دوو کچ دانیشتوون یەکێکیان دەستی خستۆتە بن چەناگەی و ئەوی تریشیان سەری خستۆتە سەر مێزەکەی بەردەمی و گوێیان لەگۆرانیەکی زیاد ئەسعەد گرتووە، کە دەنگی هۆڵەکەی پڕ کردبوو. راستەوخۆ بەرەو روویان چووم و زۆر بەسەرسامیەوە لەمنیان ڕوانی، نەم ویست ناوەکانیان بپرسم، چونکە ئامانجی من یەکتر ناسین نەبوو.. بەڵکو دانیشتنی ئەوان بوو بە جووتە وەك یەك رەگەز، بەڵام ئەوان خۆیان پێناساندم.. یەکێکیان بەناوی (شیلان) و ئەوی تریشیان (هاژە).. (شیلان) کچێکی ئەسمەری باڵابەرز دیاربوو، بەڵام (هاژە) بەپێچەوانەوە سپیەکی خوێن سارد دەردەکەوت.. دوای یەکتر ناسین راستەوخۆ چوومە نێو بابەتەکەم و لێم پرسین بۆچی ئێوە کوڕێکتان لەگەڵ دانەنیشتووە؟ (شیلان) بەدڵێکی پڕ لە خەمەوە باسی لە دانیشتنی خۆیان کردوو گوتی:دانیشتن لەگەڵ کوڕ لە یانە یاخود لە هەر شوێنێکی تر بەتایبەت ئەگەر کچ و کوڕەکە بەتەنیا بن هاوڕێیانمان بە چاوێکی تر سەیرمان دەکەن.. بە کەپڵ ناومان دەبەن، بێ ئەوەی لە هۆکاری دانیشتنەکەمان بگەن.. ئەوسا چۆن ترسمان نەبێت لە کوڕ؟! شیلان بێدەنگ بوو راستەوخۆ هاژە هاتە وەلام .. هاژە دیاربوو زۆر داغ لە دڵبوو لە هەڵسوکەوتی ئەو کوڕ و کچانەی کە لە پەیمانگا لەگەڵی دان، چونکە وەك خۆی باسی دەکرد، کاتێك کچێك لەگەڵ کوڕێك دادەنیشێت یاخود پیاسە دەکات بەچاوی



هەرچەندە لەیەکتریەوە نزیک بین، ناتوانین لەگەڵ یەک بین   کۆوار



سووك تەماشادەكرێت .. وا لەوكچە دەڕوانرێت، كە گوناهێكی گەورەی كردبێت، بەو مانایەی روسپی بوونەكەی ئەو كچە تەنیا بەزەواج كۆتایی دێت، ئەگینا هەربەچاوی سووك تەماشادەكرێت .. پاش تەواو بوونی گفتوگۆیەكەمان ماڵئاواییم لە هاژەو شیلان كردو لە یانەكە دەرچووم.. بەرەو باخچەی پەیمانگا كەوتمە ڕێ.. لەوێش هاوڕێیەكی خۆم بینی بەناوی كاروان.. كاروان یەكێك لەو گەنجانەیە ئەوەندەی من ناسیبێتم لەگەڵ كوڕ هەڵسوكەوتی كردووە، كاتێكیش قسە لەگەڵ كچێك دەكات زۆر بەشەرمەوە دەوەستێت و دەدوێت.. بۆیە ویستم لەو نهێنیەی كاروانی گەنج بگەم.. كاتێكیش لێم پرسی بۆچی هاوڕێیەتی كچ ناكەی و تەنیا لەگەڵ كوڕدا دۆستی؟ ئەو لەوەڵامدا وتی : ناتوانم لەگەڵ كچ نەك قسە بكەم بەڵكو راش بوەستم، بەخۆم نییە نازانم هۆكارەكەی لەكوێیە و ئەو نهێنیە لەچی دایە؟ .. كاتێكیش كارێكم بكەوێتە لای كچێك بەشەرم و ترسەوە داوای كارەكەی خۆمی لێدەكەم، زیاتر ئەمەش بۆ ئامۆژگاریەكانی برایەكانم دەگەڕێتەوە، چونكە بەردەوام پێم دەڵێن كچ بونەوەرێكی بێوەفایە.. بیریش لەوكچانە مەكەرەوە كە پەیمانگا یاخود هەرشوێنێك كە بۆ یەكەمین جار بینیبیت هاوڕێیەتی مەكە خۆت بدە دەستی قەدەر و قەدەر نسیبتی لە نێوچاوانی تۆ نووسیوە .

تێنویەتیم بەوەڵامەكانی ئەو هەرسێ گەنجە نەشكا بۆیە راستەوخۆ چوومە سەرجادەی سەرەكی و لەوێوە ئۆتۆمبێلێكم گرتوو بەرەو كۆلێژی پەروەردەی سۆران بەڕێكەوتم .. لەنێو ئۆتۆمبێلەكەدا خەیاڵ بردمیەوە بۆ ناوەڕۆكی بابەتەكەم .. هەر لەخۆم دەپرسی .. دەبێت چ ترسێك وای لە كاروانی گەنج كردبێت، كە نایەوێت هاوڕێیەتی كچ بكات.. چ نهێنییێك خۆی لە ناواخنی هاژە و شیلان حەشاردابێت، كە نایانەوێت لەگەڵ كوڕان تێكەڵ ببن .. ئاخۆ ترادسیۆنە دواكەوتووەكانی كۆمەڵگا یاخود دەروونە خۆ بەزل زانیەكەی هەردوو رەگەز بەرامبەر یەكتری ؟ كاتێكیش گەیشتمە كۆلێژی پەروەردە و لەوێش جەند هاوڕێیەكی خۆمم دۆزیەوە تائەوانیش هاوكاریم بكەن لەبابەتی ریپۆرتاژەكەم .. بەراهی كچێكیان بەناوی سۆزان پێ ناساندم .. سۆزان ویستی ئەو گفتوگۆیە تەنیا لەنێوان من و ئەو بێت .. بۆیە داوای جیا بونەوەم لەهاوڕێكانم كرد و خۆم و سۆزان پیاسەیەكی نێو حەساری كۆلێژەكەمان كرد، لەوێ سۆزان

## شەوان لە دەرەوەی پەیوەندییەكان تاك و تەنیاین      كۆوار

دیاربوو بەحەزەرەوە قسەی لەگەڵ دەكردم، كاتێكیش لەبارەی حەزەری پیاسەكردنەكەی لێم پرسی ئەو پێیوابوو، ئێمە كە لەدایك دەبین، تەنانەت زۆرجاریش لە نێو منداڵدانی دایكەكانماندا، چوار دەورمان بە ئیتاری بڤەكان دادە پۆشرێت، ئەویش نەوەك برادەرێكی برای یاخود خزمێكی نزیكیان بمان بینێت دەترساو پێیوابوو، گەورەترین كێشەی گەنجی كورد دابونەریتە دواكەوتووەكانی نێو كۆمەڵگان، كاتێكیش پرسیاری ناوەڕۆكی بابەتەكەم لێپرسی ئەو زیاتر كێشەكەی بۆ كۆمەڵگا گەڕاندەوە، چونكە بەبڕوای سۆزان دایك و باوكی رۆژانە بەردەوام بەگوێی دا دەڵێن، كە كور بڤەیەو لەگەڵیا قسە مەكە و چاوەڕوانی ناوچەوانی خۆت بكە كەنسیبتی لێنووسراوە ..

هەر لە كۆلێژی پەروەردەوە ئەحمەدم بینی.. تەنیا پاڵی دابووە لادیوارێكی نێو گۆڕەپانی كۆلێژ .. لێی چوومە پێش.. ئەحمەد گەنجێكی رووخۆش دیاربوو، لە ئەحمەدم پرسی بۆچی تەنیای.. ئەو لەوەڵامدا وتی: كچان بەچاوی دێوێكی گەورە تەماشامان دەكەن.. كەئەمەش زیاتر خێزان وایان لێدەكات بەم چاوە لێمان بڕوانن..

ئەوەندەم پێما بەدەستێكی بەتاڵەوە بگەڕێمەوە ماڵەوە.. هەر بەردەوابم لەبیركردنەوە، ئاخۆ ناگەم بەوەڵامێكی كۆتایی.. وەڵامێك كە چیتر گەنجانمان زۆر گریمانە بۆ كیشەیەكی وا دانەرێژن و چیتریش هاوشێوەی ئەو ترسەیان لەلابەردەوام نەبێت.

# پشووی کۆوار

پشووی کۆوار



- ئێوارەیەک میوانی زاری کرمانجی




- کتێب و خوێنەر

- **هونەرمەند و نووسەران** لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ

















# نامه

بە هەبەستی گەیاندنی پەیامی کەسێك بۆ یەکێکی تر..یان درکانـدنی نهێنــی و هەقیقـەت و رووی پرسیارو بـابەت گەلی پەیوەندار لـەنێوان دووکـەس،(کـۆوار) هـەرجارێ( نامـە، یـان پـتر لـە نامە )یەك بلاٌودەکاتەوە.. هەر لێرەشەوە ئاگـاداری خوێنـەران دەکەینـەوە، کـە دەتـوانن بـەناردنی نامەکانیان (ئینجا هەرکەسێکیان مەبەست بێ بۆی بنێرن) بەشداری لەم گۆشەیەدا بکەن.

## یارمەتیم بدە خودایە..

## نامەیەک لەدڵێکی بریندارەوە بۆ ( پەری )

ئازیزم پەری:

سلاٌو و خۆشەویستم لێ قبوڵبکە و لەوەش بمبەخشە، کە ناچاربووم ئەم نامەیەت بۆ بنووسم..

خۆشەویسترین ئەستێرەی تەمەنم پەری:

ئێستا کە ئەم چەند پەیڤەت بۆ دەخەمە سەر کاغەز، لەجامی پەنجەرەی ژوورەکەم دەبینم نم نم باران دەبارێ.. ئای چەندە جوانە باران.. چەندە جوانە ژووانی ژێر چەتر، بۆیە پێت دەڵێم سلاٌوی دڵێکی برینداری تەڕ تەڕ بە بارانت لێبێت..

ئازیز: ئێستا کە لەو پەنجەرەیە سەیری ئەو کۆلاٌنە پیرە دەکەم، خەیاڵ ئەمگەڕێنێتەوە ئەو چرکەساتانەی، کە تامی یەکەم دیدارتی پێبەخشیم.. ئەوەتا باران پێم دەڵێ کوڕەماندووەکە، ئەم هەموو پەشۆکاوییە بۆ.. چەندە گوناهیت، کەچارەنووست کەوتۆتە دەست عەشقێکی نادیار.

ئێستاش نازانم چ سیحرێک بوو، ژانی ئاسایی منی کوشت و جڵەومی خستە دەست خەونێک، کە نازانم سەرەنجامەکەی بەکوێ دەگات، بەلاٌم سوپاس بۆ خەیاڵ زۆر جار پێم دەڵێ ئەشێ خەونەکەت بێتەدی..

شیرینەکەم، ئەی جوانترین کائینی دنیا( ئەی کچی خواوەندی جوانی.. ئەی چرای دیوانی شەو):

بیرت نەچێ تۆ هەموو ژیانت لێکردومەتە تۆپێکی فیتبۆڵ و بە ئارەزووی خۆت ئەم سەر و ئەو سەری پێدەکەیت.. ئەوەتا بێ بەزەییانە بیرکردنەوەم، خەیاڵم، هیواو ئومێدەکانمت داگیر کردوون.

ئاخر من ئێستاش نازانم چۆن توانیت بەو ئاسانییە پیاسەکانی ئێوارانم لێبدزیت، شەوانم لێبکەیت بەدۆزەخ، سپێدانیشم بسپێریت بە بێ ئومێدی.

ئەی پەری خۆشەویست:

من کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم بۆ دواجار روو لە خوای گەورە دەکەم و دەڵێم خودایە یارمەتیم بدە.. خودایە لەجەهەندەمی ئەو عەشقە دەربازمکە، کە خۆشم نازانم چ سیحر و سڕێک خوڵقاندی، دەسا ئەی خودای بێ هاوتا، یان کارێ بکە ئەویش وەک من بسوتێ، یان لە مەملکەتی عەشق فڕێمبدە..

ئازیز.. خۆت باش دەزانی من چەندە شەیدا ودڵ سوتاو و میهرەبانم بۆ تۆ، بەلاٌم تۆ هەستێکی ئازاربەخشت هەیە، هەستێک تابڵێیت هیواکوژ.. هەرگیز ئەو ئێوارەیەم لەیاد ناچێ، کە لە (مەسج)ێکدا بۆم نووسی:(( وەرە لەگەڵ دڵێکی پڕ لە زام، دڵێک پڕ لە بارن، دڵێک هەر لە سپێدە و سێو و پەپوولە دەچێ، ژووان بگرین))، کەچی ئەفسووس تۆ دڵڕەقانە( ببوورە پەری گیان، کە پێت دەڵێم دڵڕەق) بۆت نووسیم:(( بمبوورە ..من باوڕ بە قسە کانت ناکەم، دەمێکە درۆ زەبەلاحەکانی ئێوە ئەناسم، ئێوە پیاوی بەجێگەیاندنی ئارەزووی شێتانەن).

بمبوورە ئەی تاکە چرای ماڵی دڵم:

من ئەوەنیم کە تۆ بۆی دەچیت، من بەزمانێکی سادە پێت دەڵێم خۆشم دەوێیت..

ئازیز، بەم وەلاٌمەت واملێمەکە منیش بەتۆ بڵێم، لەیەکەم دیدار و سەرنجدا چاوەکانت درۆیان لەگەڵ کردم، واملێمەکە پێت بڵێم ئەو روخسارەی سیحری پەلکێشکردنی منی هەڵگرتووە، رووخسارێکی بێ مانابوو، لەمانای عەشق نەگەیشت.. دڵنیابە مردنی ئەم خەونەم مردنێکی سادە نیە، بەڵکو مردنی رۆح و جەستە و ئایندەشمە، ئەمەش دوا نامەمە ( رامبۆ) وتەنی، ((قسەناکەم، بیر لە هیچ شتێک ناکەمەوە، بەلاٌم خۆشەویستییەکی بێ کۆتایی.. لەناوەوەم کڵپە دەکا.. دەڕۆم! بەرەو دوور.. دوور، یەکجار دوور، لەباوەشی سروشتدا دڵشاد وەکو ئەوەی لەگەڵ ئافرەتێکدابم )). دەسا خودایە لەچاوەڕوانی بەرسڤی پەری هاوکارم بە.. خۆشم لە ئێستاوە هەموو سەرنج و هیواکانم لەچاوەڕوانی زەنگێکی ئاشقانەی مۆبایلەکەم کورت دەکەمەوە.. لەگەڵ ئومێدی شادی و سەرفرازی..

رەنج

# کتێـــب و خـوێنـــەر

بەمەبەستی ئاگاداربوون لە ئاستی پێشوازی کردنی خوێندەوارانی کورد لە کتێب و کاریگەریان، (کۆوار) لە هەر ژمارەیەکیدا لەچەند خوێنەرێکی کتێب دەپرسێ، بەلای تۆوە پڕ بایەخترین و جوانترین دێڕ، کە لەدواین کتێب بەرچاوت کەوت چییە؟

*** ئازاد کەریم:**

لەماوەی دوو مانگدا، وێڕای خوێندنەوە و چاوخشاندن بە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیـەکان، هـەر دوو کتێبـی(عەلمانیـەت و ئـاین_ی محەمـەد ئـارکۆن) و(مـرۆڤ و هێماکان_ی کارل گۆستاڤ یۆنگ)م بەتـەواوی خوێندوونەتـەوە. ئێستاش سـەرقاڵی خوێندنـەوەی ڕۆمـانی( شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان_ی بـەختیار عـەلی)م. هـەردوو کتێبەکـەی، کەپێـشوو نـاوم هێنـان، بـۆمن زۆر سـود بـەخش بـوون ولـە کـاتی خوێندنەوەیانـــدا بـــە گـــەلێك چـــەمك و ئامـــاژەو ڕەهەنـــدی ( سیاسی،ڕۆشنبیری،کۆمەڵایەتی،فەلسەفی، مێژوویی) ئاشنابووم، بەڵام هیچ کامیان بۆمن وەك( شاری مۆسیقارە سپییەکان)نین، ئەگەرچی تائێستا کەمتر لە نیوەی ئەم ڕۆمانەم خوێندۆتەوە، بەڵام چێژی زۆری پێبەخشیووم، لەڕۆحەوە لەگەڵ دونیایـەکی جوان و تایبـەت ئاوێتـەی کردووم، من لـە وەڵامـی ئێوەدا نـازانم لـەکام دێڕ بدوێم و باسی چ پەرەگرافێکی بکەم، ڕۆمانەکە هەمووی جوانە، هەر لە دواین دەرکەوتنـەکانی شـاروخی شـاروخ، یـان بەمانایـەکی دیکـە لـەدایکبوونی جـەلادەتی کـۆتر، تادەگاتـە ماڵئاوایی قەقنەس..ئەوەتا(ئیسحاقی لیۆزێڕین)چەند جوان دەڵێ:(( گەردون هیچ نیە جگە لەمۆسیقایەکی بێدەنگ، هەموو شتێك لەگەڵ لەدایك بوونی خۆیدا ئاوازی خۆی هـەڵگرتووە، هـەموو زیندوویـەك پارچـە مۆسـیقایەکی تایبەتـە، هـەموو مردوویـەك ئاوازێکە بۆخۆی. هیچ گەڵایەك نییە، مۆسیقای خۆی لەگەڵ خۆیدا نەهێنێت، فڕینـی هیچ باڵدارێك نییە، ئاوازێك لەئاسماندا دروستنەکات، دونیا سـەرتاپای مۆسـیقایە... شەو سەرتاپای مۆسیقایە، باران سەرتاپای مۆسیقایە..)).

*** ئەحمەد ڕەسوڵ قادر:**

دوایـن کتێـب کـە خوێندمـەوە،( ئـازادی لەبـەهاری تەمەنـدا_ی نـەژاد عـەزیز سورمێ)بوو، بەلای منەوە کاریگـەرترین بەشـی کتێبەکـە، دوایـن وتـەی نووسـەرە، کە ئامـاژە بەنامـەی (چـارلی چـاپلنی) هونەرمەنـدی مـەزنی جیهـانی بـۆ کچەکەی(ژیرالەددین) دەکات، کە بۆی نووسیووە:( کچم، لەشـەوە درێژەکانـدا ئەمن زۆر چـیرۆکم بـۆ گـوتی، بـەڵام چـیرۆکی خـۆم نەگێڕایـەوە. ژیـانی ئـەو برسـیەی لەخوارترین و پیسترین کۆڵانی لەندەن گۆرانی دەگوت و سەمای دەکرد)..یان بۆی دەنووسێ( کچم هـەرگیز دڵـت گیرۆدەی زێڕو زیـو مەکـە، گـەورەترین ئەڵماسـی ئـەم جیهانە هەتاوە، کە بەختیارانە بەگەردەنی هەموو کەسێك دەدرەوشێتەوە)..

*** یوسف حەسەن زێڕۆ:**

دوایـن کتێـب، کـە خوێندمـەوە، کتێبـی(سـینۆهە_ پزیـشکی تایبـەتی فیرعـەون) بـوو، ئـەوەی زۆر سـەرنجی ڕاکێـشام لـەم کتێبـەدا، پێـشکەوتنی بـواری تەندروسـی ئـەو سەردەمەیە، کە توانیوویانە قەپاغی سەری مرۆڤ هەڵگرن .. هەروەها هاتنی(سینۆهە) بۆ بابل و ڕزگارکردنی ئافرەتێك لە بابل و جۆری مارەبڕین لـە نێـوان کچان و کوڕان، کە بەشکاندنی گۆزە لەیەکتر مارە دەکران، سەرنجی منیان ڕاکێشا.

***ئەڤین سادق:**

لـە دوایـن کتێبـدا شـیعرە کلاسـیکیەکانی پێـشەکی وتارەکـانی نێـو کتێبـی( زمـانی حەیزەران_ی د.فەرهاد پیربال) لای من کاریگەر بوون.

***ئیسماعیل عەلی:**

دوایـن کتێـب، کـە برادەرێـك پێـشکەشی کـردم، کتیبـی ئـەو( سـیخوڕانەی ڕەوڕەوەی مێژوویان وەرچەرخاند) لە نووسینی(دەرویش ئەلجـەمیل) و وەرگێڕانـی(ئەحمـەد سـەلام) بـوو، سـودێکی زۆرم لـە کتێبەکـە وەرگـرت، وتارەکـانی سـەرنج ڕاکێش بـوون، شـتێکی زۆر گرنگیشی لێوە فێربووم، ئەویش ئاگادابوونمە لە(( دەوروبە...!)).






# ئێوارەیەك میوانی زاری کرمانجی بووم

جەبار عەلی

کاتێک ئێوارەیەك ڕێم کەوتە دەزگای زاری کرمانجی، کۆمەڵێك گەنجم بینین دوو دوو، سێ سێ وەستابوون، هەندێکیان ڕۆژنامەیان لە دەستدا بوو، ئەوانی دیکەش چاوەڕێی کردنەوەی هۆڵی گروپی مۆسیقا بوون، هەر لە دەرەوە کۆمەڵێك ئۆتۆمبێل لە ژێر گەراژ و بەردەم ڕێڕەوەی چوونە ژوورەوەی کارمەندان وەستابوون، لەیەکەم وێستگەدا چوومە ئەو بەشەی، کە لێ نووسرابوو بەشی ئینتەرنێت و کتێبخانە، لەوێ لە هۆڵێکی بچووك، کۆمەڵێك وێنەی ڕۆشنبیر وشاعیرانی کورد هەڵواسرابوون، لە هۆڵەکەشەوە دەتوانی بچیتە سێ ژووری دیکە، ژووری یەکەم تایبەتە بە ئینتەرنێت، لەو ژوورەدا جەنجاڵییەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، چەندین گەنجی کوڕو کچ دەبینرێن بە کردنەوەی ماڵپەڕو چات و نووسین سەرقاڵن، تەنانەت بەرامبەر یەکێك لە کۆمپیوتەرەکان، سێ کەس دانیشتبوون.

ئەوکات (بەختیار سەباح)ی بەرپرسی بەشەکە، لەگەڵ گەنجێکی نێو هۆڵەکە لە گفتوگۆ دابوو،ئەو پێیدەوت (پێویستە ئێوە بەدوای سەرچاوەی زانستی ومەعریفی دابگەڕێن، نەك کات بە سایتی لابەلا بەفیڕۆبدەن). سەبارەت نرخی یەك کاتژمێر بەکارهێنانی ئینتەرنێت بەختیار دەیووت تەنها(500)دینار وەردەگرین، خۆی وتەنی ئەمەش نیوەی نرخی بازاڕە و پارەی ڕەمزییە. بەختیار وتی: لەماوەیەکی نزیکدا بەشەوانیش بەشی ئینتەرنیت دەکرێتەوە. لە بەرامبەر ژووری ئینتەرنێتدا ژووری کتێبخانە دەردەکەوێت، کە بەنێو سەرچاوەکاندا گەڕام هەستم بە هەژارییەکی زۆری کتێبخانەکە کرد، کچێك بە ناوی ئەرخەوان ئەو دیوو ئەو دیووی بە لاپەڕەی کتێبێکی دەکرد و دەیووت، دەمەوێت بۆ ڕاپۆرتێکی زانستی سوود لە بابەتێك وەربگرم.

لەژوورەکەی تەنیشتیدا بەشی (کارگێڕی و دارایی )بوو، لەوێ مرۆڤێکی سەروڕیش(ماش وبرنج) لە روخسارییەوە ماندوو ئەبینرێت، لەسەر مێزەکەی ئەو، کۆمەڵێك ڕۆژنامە و ئەوراقی جۆراو جۆر و کۆمپیوتەرێك هەبوو، لەولاشیەوە چەند دۆڵابێك قوت بوونەتەوە، لەسەر شاشەی کومپیتەرەکەی، ناوی بەشەکانی دەزگا نوسراوە( رادیۆ ،هەفتەنامە ،گۆڤار، گروپی مۆزیك، ئینتەرنیت وکتێبخانە، کۆڕوسیمینار ، کارگێڕی ودارایی) ئەو کە (حوسێن)ی ناوبوو، ستافێکی کارای لەگەڵدایە و وەك هەندێك لە کارمەندانی دەزگا دواتر ئاماژەیان بۆ کرد، خەمخۆرییەکەی وایکردووە، هەمیشە ئاستەنگەکانی بەردەم بەشەکانی دەزگا زوو چارەسەر بکرێن، (حوسێن) ڕۆژانە لە رواندزەوە بەیانیان و ئێواران هاتووچۆی دەزگا دەکات، کە ئێمە دواندمان باسی بەرنامەیەکی دیکەی دەزگای بۆ کردین و وتی:( لەبەرنامەماندایە بەم زوانە سلایدو ڤیدیۆ و پرۆجیکتەر بهێنین و هەفتەی جارێك وەك سینەمایەکی سەفەری فیلمیکی کوردی و بیانی بۆ هەوادارانی سینەما نمایش بکەین)..

ئەوێم جێهێشت، چوومە بەشی هەفتەنامە، زاری کرمانجی هەفتەنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتی و لۆکاڵیە و ڕۆژانی دووشەممە بە 12 لاپەڕە دەردەچێت، لەیەکەم ژوورەوە کاری نەخشەسازی هەفتەنامەکە جێبەجێدەکرێت، وەك پێشتر لەدوالاپەڕە خوێندبوومەوە (سیروان) کاری نەخشەسازی دەکات، کۆمەڵێك کەس دەوریان لە ئەو دابوو، بە هاوکارانی خۆی دەوت: " لێم گەڕێن، با بۆ ئەم ژمارەیە هەندێك جوانکاری و گۆڕان لە رووی نەخشەسازیەوە بکەم، مەعقول نییە هەموو جارێك وەکو خۆی دەربچێتەوە". وەك هەستم کرد، فەوزایەکی زۆری بابەتیان لەسەرە، نووسەرانیش پەلەیانە لە بلاْوکردنەوەی بابەتەکانیان، لەم لاوە دەرگایەکی تر هەبوو، کە دەچیتە ژوورەوە چەند کچێك سەرقاڵی تایپکردنی بابەتەکان بوون، دەنگی گۆرانیەکی (عەدنان کەریم) لەسەر کۆمپییوتەرێك دەهات، لە روخساری ئەوان هیلاکییەکی زۆر دەخوێندرایەوە. دەنگی پێکەنینی (سیروان) هات، کە گەنجێکی ڕەنگ گەنمە و وەك دەڵێن هەمیشە زەردەخەنە لەسەر لێویەوەیە، لەم لاشەوە گەنجێك بەنیگایەکی قووڵەوە دەی روانیە لاپەڕەیەکی ئامادەکراو، کەسێکی تر، کە سەرگەرمی هەڵەچنی لاپەڕەکان بوو، وورده و وورده لێوەکانی دەبزواند و دەیووت، هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە هیچ هەڵەیەکمان بەسەردا تێنەپەڕێ. لەوکاتدا( غازی)ی بەڕێوەبەری نووسین زۆر هێمنانە و لەسەر خۆ دەرگای ژووری تایپێستەکانی کردەوە وتی (ببورە، خەدیجە خان، بابەتەکە تەواو نەبووە،....) دەرگاکە داخرا.

لە ژووری جێگری سەرنووسەر، دوای سڵاو و چوونە ژوورەوەم دیقەتمدا، کەش و هەوا ئاساییە، کەچی زۆپایەك داگیرساوە، جگە لە چەند میوانێك و (ئیسماعیل)ی جێگری سەرنووسەر، لەو لاشەوە (فەرمان)ی ئەندامی دەستەی نووسەران بەرامبەر ئامێرێکی کۆمپیوتەر دانیشتبوو، سەری دەلەقاند و کاغەزێکی لەدەست دابوو، لەسەرخۆ و بەگرژکردنەوەی نێوچەوانی و ناوە ناوەش بە زەردەخەنەوە دەیگووت،"ئەو هەژموونە شیعریە، گرفتێکی زۆری بۆ دروستکردووم"، کە بەشی زۆریان دەقی کرچ و کاڵ و نەشیاون. کەچی دەبێ دەستیان بگرین و بۆیان بلاْوبکەینەوە، هەرچەند ناکرێ ناو لە نامەیەکی دڵداری بنێین شیعر. لەبەرامبەر ئەو ژوورەدا، دەنگی مۆسیقا و پرۆڤەی مۆزیقاکاران دێ، مۆسیقا و سەدای ئاواز و گۆرانی ئەم ناوەی پڕکردووە، هەر کەسێ لە بەردەم ئەم دەرگایە هەستی خۆێ ڕاگرێ لەدڵەوە هەست بە ئاسوودەیەکی زۆر دەکات.

لەوێ پتر لە هەمووان زیاتر گوێبیستی ناوی (یوسف)بووم، کە ئەوم بینی هێدی هێدی ئارەقە لە نێو چاوانی دەچۆڕا، یوسف وتی، گروپەکەمان هەم مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و هەم ڕۆژئاوایی دەژەنێ، کۆی گشتی ئەندامانی گروپەکەش 13 ژەنیارن، کەئامێرەکانی (کەمانچە و کیبۆرد و فلوت و ئیقاع) دەژەنن..2 ژەنیاریش ئامێرەکانی گیتار و هارمۆنیکا دەژەنن و هەفتەی سێ ڕۆژ پرۆڤە دەکەن، ئەم دیمەنە لە نێو ژوورێکی تەنگەبەر بەدی دەکرێ، ئەوکات کوڕە لاوێکی وەژوور کەوت، لە(یوسف)ی پرسی، ئەرێ ئێوە خولی فێربوونی مۆسیقا بۆ ئێمەی ئارەزوومەندانی ئەو بوارە ناکەنەوە؟ (یوسف) بە نیگەرانیەوە وتی ئێمەش حەزدەکەین ، بەڵام دەبینی جێمان چەند تەنگە، هەرکاتێك شوێنمان لەبار بوو، خوولی مۆسیقاش دەکەینەوە).

لە هاتنە دەرەوەمدا، تابلۆیەکی داری بۆیەکراوی پەمەیی کەوتە بەر چاوم، کەلێی نووسرابوو (سەرنووسەری زاری کرمانجی)، وەك و دیاربوو دەرگاکە هەمیشە کراوەیە، ژوورەکە پڕە لە میوان، ئەو

جارەش کورسیەکان پڕ بوون، شوێنی دانیشتن نەمابوو. کەسێکی بالآبەرز و چوارشانە بە پێوە وەستابوو، کۆنترۆڵێکی بچووکی لە دەستدابوو، دووسیٚ جار بە پەنجە گووشی، بە میوانێکی دەگووت، دەبیٚ ببوری سەرم قاڵە، رۆژانی شەممە زیاتر لە هەموو رۆژێك پاڵەپەستۆی میوان و هەواڵ و بابەتمان لەسەرە، چونکە بۆ خەڵکی پشووە و بۆ ئێمە کۆتایی رۆژانی چاپی هەفتەنامەیە، ئەو ناوە ئاوڕی لە کۆمپیوتەرەکەی دەدایەوە و سایتی (کوردستان نێت)یشی کردبۆوە، ئافرەتێك بەخۆی و سینییەك (چا) هاتە ژوورە و چایەکەی داناو بیٚ دەنگ رۆیشت، لە بەرامبەر ئەو ژوورەش تابلۆیەکی ئاگاداری هەڵواسرابوو، کە چەند ئاگاداریەکی پێوە هەڵواسرابوون.

ئەوانەی هاموشۆی دەزگایان دەکرد، هەموویان رێك و پۆشتەبوون، نێو ڕێڕەوەکە بە بەردەوامی هاتووچۆی تێدا دەکرا. کەچوومە ژووری (فەرحان جەوهەر)ی بەرێوەبەری دەزگا، هەستم بە پاکو خاوێنییەکی زۆر کرد، کۆمەلێك گوڵ سەرنجی مرۆڤیان رادەکێشا، ئەوکات بەڕێوەبەری دەزگا چوار میوان هەبوو، چوومە نێو باسەکەیان، دەربارەی رەوشی سیاسی کوردستان. لەوێشەوە چوومە ژووری کۆوار، فرەچەشن و هەمەڕەنگن. بە گووتەی زۆر لە خەڵکی ئەم ناوچەیە رادیۆی زاری کرمانجی، خۆشەویستی هەموومالێکی ئەو دەڤەرەیە. چونکە بەرنامەکانی زۆر زیندوون و بۆ هەموو چین و توێژێکن، ئەوەی لەهەمووشی گرنگتر بەردەوام بڵندگۆی راستگۆیی و گەیاندنی خەم و خولیا و داوا و خواستی هاولآتیان و پردی پەیوەندی و نزیك کردنەوەی نێوان دەزگاکان و خەڵك بووە.

کچێکی شۆخ و شەنگ و ئێسك سووك و کراوە هاتوچۆی بەپەلەی دەکرد و دەی گوت درەنگ داهات کاتی بەرنامەیە، ئینجا چووە ستۆدیۆ لە بەشی کۆنترۆلی رادیۆ هەرچەندە تەسك و بچوووك بوو، ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی هونەر و گۆرانی کوردی تیابوو، خۆم سەردانی چەندین ستۆدیۆی رادیۆم کردووە، هیچ کامیان ئەوەندەی ئەو رادیۆیە دەوڵەمەند و هەمەجۆرنەبوون، هیچ کاسێتێکی بیانی واتە غەیرە کوردی نەبوو، هەمووی کوردی بوون. سیٚ کەس بەناوەکانی (حەیدەر و کاروان و شیران) لە ژوورەوەبوون، هەریەکەیان سەرقاڵی شتێك بوون، (کاروان) خەریکی کۆمپیوتەرەکە بوو، (شیران) کاسێتەکانی هەلآوێر دەکرد و (حەیدەر) بەرنامەی بەرێوەدەبرد و



کارمەندانی زاری کرمانجی، هەمیشە لە خەمی کار و بەخششیی زیاتر .... کۆوار

کە هەم بەشێك لە کارمەندانی ڕادیۆ، هەم کارمەندانی بەدالەی دەزگاشی لێدادەنیشن، شەماڵی نەخشەساز، دەیگوت بە یەك کۆمپیوتەر ئەم هەموو ئیشە دەکەین، ئاخر گوندێك و گندۆرەیەکیان نەوتووە. دواجار چوومە بەشی رادیۆ، ئەو ڕادیۆیەی ژمارەیەکی زۆری بیسەری هەیە، لەژووری بەڕێوەبەر، مرۆڤێکی بالآمامناوەندی، رووخۆش دەرکەوت، ئەو موبایلێکی بەدەستەوە بوو، قسەی لەگەڵ کەسێکی تر دەکرد، دەیویست هەواڵێك وەربگریٚ لەسەر رووداوی ئۆتۆمۆبێلێك،کە لەسەر لێواری رووباری بەرسرین، بەهۆی ئەو ڕووداوە ئافرەتێك لە نێو ئاوی رووبارەکە ونببوو. دوای چاك و چۆنی (نوری _ بەڕێوەبەری رادیۆ) بەخێرهاتنی من و مێوانەکانی تری کرد. یەکێك لە میوانەکان ناوی (بێهنان) بوو، هاتبوو ئاگادارییەکی بۆ بلآو بکرێتەوە، چونکە جزدانێك و بڕێك پارەی ون کردبوو. میوانێکی تر بڕێك شیرینی هێنابوو بەبۆنەی ئەوەی لە رێگەی ئاگاداری ئەو رادیۆیە، 23 مسقال زێڕی ونبووی بۆ گەڕابۆوە.. یەکێکی تر خەلآتی بۆ دەرچووبوو. بەڕێوەبەری رادیۆ خشتەیەکی بەرنامەکانی نیشاندام، کە لە15 بەرنامەی هەفتانە و 2 بەرنامەی رۆژانە، وێڕای ریپۆرتاژ و ئاگاداری و بڕگەی رۆژانەی جیاجیام خۆی دەنواند، زۆربەشیان راستەوخۆ و زەنگی تەلەفۆنەکە بەردەوام لێدەدرا. (شیران) کچێکی کڕ و بێدەنگ و کەم دوو بوو. پرسیارم لیٚ کرد تا چەند رادیۆی چۆتە نێو ماڵی خەڵکی؟ وتی " وەلآمەکە لای گوێگرانە و ئەوان دەتوانن حوکم لەسەر رادیۆ بدەن"، هەمان پرسیارم ئاراستەی (کاروان) کرد و ووتی "بەو حوکمەی من زیاتر پەیوەندییەکان وەردەگرم خەڵك دەست خۆشیمان لێدەکەن و دەڵێن بەڕاستی جێگای خۆی لە دڵی ئێمەکردۆتەوە و زیاتر گەنجانەیە". ئینجا دەنگی (کەلسوم)ی بێژەری رادیۆ هات و ووتی (ئێوارە باش سۆران) (حەیدەر)ی دەرهێنەر ناوە خۆی لێتوڕەدەکرد و دەیگووت ناهێلم بچووکترین هەڵەی بەسەردا تێپەرێت، دواتر بۆم دەرکەوت ئەمانە هەم دووو هاوڕێنە، هاوسەریشن. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، کەسێکی خەپە و هەندیٚ شەرمن و پێلآو بە قوڕ، هاتە ژوورەوە، وتیان ئەوە، (ئیسماعیل محەمەد)ە، وەسفی ئەویان بەم شێوەیە بۆمن کرد، کەسێکی چووست و چالاکە و خۆی لە دەرگای مالآن دەدات و لە گیروگرفتیان دەپرسێت.

کۆتایەکەی کچێك لەسەر کورسی و مێزێك دانیشتبوو، خەریکی وەرگرتنی پەیوەندیەکان بوو.

# ئاراس فاتح :
# ئەو کچەی لە ڤیدیۆ کلیپی ( هەنگاو مەنێ ) دەردەکەوێت، خۆشەویستی یەکەمم بوو

گۆرانی و مۆسیقا ئەو دونیا جوانەیە، کە ئێمە لە باوەشی جوانی و خۆشەویستی و موحیبەتی ئەودا بۆ ساتێکیش بێزارنابین و هەمیشە هۆگر و خولیای ئەوین، ژیان دوور لە مۆسیقا مانایەك نابەخشێ، هەندێ هونەرمەند جگە لەوەی کە دڵخۆشت دەکەن، خەندە و پێکەنینیش دەکەنە میوانی سەر لێوانت.

یەکێك لەو هونەرمەندانە، کە بە ستایلێکی تایبەت کاردەکات (ئاراس فاتح رەسول)ە، کە بە (خەپەگیان) ناسراوە، لەسەردانێکی بۆ دەزگای( زاری کرمانجی) ئەم پرسیارانەمان رووبە روو کردەوە.

**هیوا سەلاح خەیری**

***حەزدەکەین لە زاری خۆتەوە کورتەیەك لەمەڕ ژیانت بزانین؟**

_ من خەڵکی شاری کۆیەم، لە بەر ئەوەی باوکم کاری سیاسی دەکرد، ناچاربووین ساڵی 1981 کۆچ بکەین بۆ وڵاتی روسیا، ئەوکات منداڵ بووم، لەوێ برایەکانم خەریکی کاری مۆسیقایی بوون، یەکێکیان لەسەر ئامێری کەمانچە و ئەویتریان لەسەر گیتار پرۆڤەیان دەکرد، هەر ئەوانیش منیان فێری مۆسیقا کرد.

لە ساڵی 1984 من سێ ساڵ و نیو سەمای (بالیەی)م لە روسیا خوێند، بێجگە لە سەمای بالیەش سەمای فۆلکلۆری وڵاتان بە گشتی و سەمای مۆدێرنیشم خوێند. دواتر لە زانکۆی هونەری مۆسکۆ، بەشی (دەرهێنان)م تەواوکرد، دوای ئەویش چوومە وڵاتی سوێد لەوێ بەشی ئابووری هونەرم خوێند و دەستم کرد بەکاری هونەری.

*** چۆن ئەو ستایلەت هەڵبژارد، سەرەتا مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ستایلە سەخت نەبوو، بەتایبەت کە ئەم شێوازە بە کۆمەڵگای کوردی نامۆیە؟**

_ هیچ هونەرێك نییە زەحمەت و سەخت نەبێت، هەموو پرۆژەیەکی نوێ لە کۆمەڵگا بە زەحمەت وەردەگیرێت، کاتێکی زۆریشی دەوێ، منیش هەوڵمدا هێدی هێدی ئەم ستایلە نوێ یە بێنمە نێو کۆمەڵگا و هونەری کوردی، لەم کارەشدا تارادەیەك توانیوومە سەرکەوتن بەدەست بهێنم.

***خێزانت پێکهێناوە؟**

_ هاوسەرم هەیە، ناوی (سان)ە، کە لە کورتە فیلمی (نەگەزی) دەوری بینی.

*** بەرلەوەی (سان)ت خۆش بوویت، کەسێکی دیکە لە ژیانی تۆدا ئامادەیی هەبووە، مەبەستم ئەوەیە ئەزموونی ترت لە بواری دڵداری هەبووە؟**

_بەراشکاوی دەڵێم بەڵێ، من لە ئەوروپا گەورەبوومە، ئەوەی زۆر ئاساییە هەموو کەسێك خۆشەویستی کردووە، منیش ئەو کاتەی لە سوێد لە زانکۆ دەمخوێند، عاشقی کچێك بووم و ئەتوانم نهێنیەکیش بدرکێنم، کە ئەو کچەی لە ڤیدیۆ کلیپی (هەنگاو مەنێ) دەوری بینی، خۆشەویستی یەکەمی من بوو.



***بۆچی لە یەکتر دابڕان؟**

_ بەراستی ژیان هەمووی رێکەوتە، چۆن لەگەڵ ئەو کچەی بەرێکەوت بووینە برادەر، بەهەمان شێوەش بەرێکەوت لێك جیابووینەوە.

*** زۆرجار ئەڵێن یەکەم خۆشەویستی لەبیر ناچێت، ئاراس چ دەڵێت؟**

_ منیش ئەڵێم یەکەمین خۆشەویستی هەرگیز لە خەیاڵ و بیر و ئەندێشەی مرۆڤ دەرناچێ و هەمیشە لە زاکیرە بە زیندووی و نەمری ئەمێنێ.

*** ئاراس لاوێکی بە بزاوتە و بەردەوام لەگەڵ گۆرانی و مۆسیقا سەما دەکات، ئەم جورئەتە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ؟**

_ من کە هەموو جارێ لە سوێد و روسیا دەچوومە ئاهەنگ و شایی و هەڵپەرکێ، لەگەڵ گۆرانی فۆلکلۆری کوردی سەمام دەکرد، چونکە ریتمە کوردیەکان زۆر گونجاون لەگەڵ سەمای ئەوروپی، زۆر خۆشە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی ئیشی لەسەر بکەی.

***بەسەفەر هاتوویتەوە یاخود بە یەکجاری، چونکە دەمێکی زۆرە لە کوردستانی؟**

_ ناتوانم بڕیاری ئەوەبدەم، چونکە هەتا ئیشم هەبێت لێرەمە، واتە ئیشەکان بڕیار ئەدەن، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت "هاتن بە دەست خۆتە، بەڵام چوونەوە بەدەستی خۆت نییە" بۆیە جارێ دیار نییە.

***بیرۆکەی گۆرانی خەپە گیان چۆن دروست بوو؟**

_ رۆژێك برادەرێکم بە ناوی (نەبەز بەرزنجی) لە ماڵی ئێمە میوان بوو، بەیانی بوو تازە لە خەو هەڵستابووم، لەناکاو شتێك لە مێشکم دەخولایەوە، منیش هەر لەبەر خۆم دەم وت (خەپەگیان بوو خۆم)، نەبەزیش لە خەو رابوو، وتی ئاراس چیە، ئەوە دەڵێیت خەونت بینیوە؟ یەکڕاست لەسەرکاسێت تۆمارمکرد، دوایی من و نەبەز وڤیانی کچە پوورم

هۆنراوەمان بۆ نووسی و ئاوازمان بۆ دانا.

***بیرت لەوە نەکردۆتەوە قژت بتراشی، یان کورتی بکەیتەوە؟**

_ جارێ بیرم لەمە نەکردۆتەوە، بەڵام ئەمەش دەکەمە پرۆژەیەکی هونەری.

***زۆر کچ بە تۆقەی سەرت سەرسام بوونە، ئەگەر داوایان لێ کردی ئەیاندەیتێ؟**

_ ئەو تۆقەیەی کە دەیبەستم زۆر سادەیە، رەنگی رەشە، کچانی ئێرە زۆر بەکاری ناهێنن، بەڵام بەدڵنیاییی پێشکەشیان دەکەم.

*** ئەو جل و بەرگە جیاجیایانە لە کوێ دێنی، چۆن ئارەزووی ئەم جل و بەرگانە دەکەی، هەست ناکەی تۆ سروشتێکی جیاوازت لەگەڵ خەڵکی هەیە؟**

_ هزرڤانی مەزنی روسی (چیخۆف) وتەیەکی هەیە دەڵێت، مرۆڤ دەبێت هەموو شتێکی جوان بێت، جل و بەرگ و پێڵاو و هەموو شتێکی رێك و پێك بێت، بەڵام لە هەمووی گرنگترە (عەقل و دڵ)ی جوان بێت، منیش هەوڵمداوە جلوبەرگم وەکو گۆرانی و مۆسیقام شاز و جوان بێت، ئەو جلوبەرگانەشم لە کوردستان دووراون و قوماشەکەشیان لە بازاڕی کوردستان کڕدراوە.

*** لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە کلیپەکانت لە شێوەی کۆمیدی دەرئەکەون، بەڵام ئاخۆ تۆ مەبەستتە رەخنە لە هەندێك دیاردە و نەریتی کۆمەڵایەتی بگری؟**

_بەداخەوە زۆر کەس وا تێدەگات کە ئەم کورتە فیلمانەم بۆ منداڵان دروست کراون، بەڵام ئەوانە وەکو (فیلمەکانی شارلی شاپلین) کۆمیدین، پراوپڕن لە رەخنەی توندی کۆمەڵایەتی، بۆنموونە ئەگەر بە وردی سەیری کلیپی نەگەزی بکەین، دەبینین کچەکە وەك سیمبولی کوردستانە، کوڕەکەش هەوڵدەدات ئەو کوردستانە خۆیشی بوویت، بەڵام نازانێ چۆن گوزارشت لەو خۆشەویستییەی بکات، تووشی کێشە دەبێ، چایخانەکەش وەکو کۆمەڵگایە، کە لە خۆشی لەگەڵ تۆدان و لە ناخۆشیش پشتت تێدەکەن و فەرامۆشت دەکەن.





ئاراس لە تەمەنی منداڵیدا

*** لە سیدی تەماتە زۆر تەماتە بەکاردەهێنی، لە کلیپەکانیش تەماتە لە دەستی تۆ دەبینرێت، دەڵێن زۆر ئارەزووی خواردنی تەماتەش دەکەیت، ئایا ئەو پەیوەندیەی تۆ و تەماتە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

_ئەگەر بەگشتی باسی بکەین یەکەم کارم ڤیدیۆکلیپی تەماتەیە، من توانیم بەم کلیپە خۆم بە جەماوەر بناسێنم و سەرکەوتن بەدەست بهێنم، تەماتە ئەجرێکی زۆری بەسەرمەوە هەیە، من دەڵێم ئەگەر تەماتە نەبوایە، ئەوە زەلاتەی کوردیش نەدەبوو.

*** لە کورتە فیلمی (نەگەزی) ئۆتۆمبێلێکی زۆر بەریەك دەکەون، ئایا لە رووی ماددیەوە خەرجییەکی زۆری نەویست؟**

_بە سوپاسەوە ئەو ئۆتۆمبێلانە هەمووی بەڕێوەبەری هاتووچۆی سلێمانی پێشکەشی ئێمەی کرد، هەموو ئۆتۆمبێلەکان سکراب بوون، ئێمە زۆر پێیانەوە هیلاك بووین تا چاکمان کردنەوە و بە کارمان خستن.

*** بەنیازنیت بیکەیت بە دوو ژن؟**

_دەزانی ئەوە پرسیاری دوژمنانە، دەیانەوێت نەتوانم بگەڕێمەوە ماڵەوەم، بەڵام ئەوێ رۆژێ رۆژنامەیەك پرسیاری ئەوەی لێکردم و گوتی "ئاراس چۆن ئەو بەهەشتەت جێتهێشتووە و گەڕایتەوە ئەم وڵاتە بێ کارەبایە، دیارە ئاراس پارەیەکی باشی لە حکومەت وەرگرتووە، منیش هەر بۆ پێکەنین گوتم نا هیچ پارەم وەرنەگرتووە، بەڵام لەبەریەك شت من لێرەم، ئەوەیش ئەوەیە، کەپیاو لێرە بۆی هەیە بە قانون و شەرع چوار ژن بهێنێ.

# هێڤی:

# ئەلبوومی ئەمجارەم شێوازێكی نوێ و مۆدێرنی هەیە



خانمە گۆرانی بێژی كورد (هێڤی)، كە بۆ چەند ساڵێك دەبێت هاتۆتە نێو دنیای ستران خوانی كوردی و جەماوەرێكی تایبەت بە خۆی كۆكردۆتەوە، لەو ماوەیەدا سەبارەت بەدوا پرۆژە هونەریەكانی بە(كۆوار)ی راگەیاند، كە ئێستا سەرقاڵی ئامادەكردنی ئەلبومێكە، كە بۆماوەی دوو ساڵە كاری تێدادەكات و 9 گۆرانی گرتونەتەخۆ، وەك ئەو ئاماژەی بۆكرد ئەو گۆرانیانە شێوازێكی نوێ و مودێرنی هەیە.

هەروەها پێشی راگەیاندین، كە زۆربەی گۆرانیەكان لە ڕووی مۆسیقا و تۆماركردنەوە لە وڵاتی توركیای ئامادەكردوە و 6 لەو گۆرانیانە ئاواز و تێكستی هونەرمەند (زیاد ئەسعەد)ن و ئێستا ئەلبوومەكە لەدوا وێستگەی تەواوبوونە و كاری ماستەرینگی بۆ دەكرێ و بەم زووانە بلاْودەبێتەوە.

جێگای باسە (هێڤی) لە شاری شەقلاْوە لەدایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوێ تەواوكردوە و دواتریش بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی (ئامادەیی بازرگانی) چۆتە هەولێر. (هێڤی) هەر لە منالْیەوە شەیدای دونیای مۆسیقا و گۆرانی بووەو هەروەك خۆی دەیلێت براكەی (مەجید خۆشناو)، كە هونەرمەندێكی میوزیكژەنە، زۆر هەوڵی لەگەڵ داوە. دواتریش لەگەڵ هونەرمەند (موحسین حەسەن) ژیانی هاوسەریەتی پێكهێناوە و ئەمەش وای لێكردووە، كە لەو بوارە بەردەوام بێت و دەرفەت وەربگرێ و (مەقام) و (سۆلفیج) بخوێنێ.



بۆیەكەمین جار لە ساڵی 2002 ئەلبومێكی تایبەت بە خۆی بلاْودەكاتەوە، كە 7 گۆرانی گرتۆتەخۆ و تاكو ئێستا 6 ڤیدیۆ كلیپی بەرهەم هێناوە.

ئەمەش وای كردووە، كە زیاتر ناوبانگ وەربگرێ، (هێڤی) دەڵێت لەكاری هونەریم سوودم لە (زیاد ئەسعەد و ئەیاد حوسێن) وەرگرتووە، بەتایبەت لە ڕووی ئەداكردن.

جگە لەمەش دەڵێت: سوودم لە هەریەكە لە( سالار بازید و هیوا جەمال و سۆران ئیبراهیم و بژار دیلان و ئازاد شەفرین و عیماد محەمەد) وەرگرتووە، وێڕای ئەمەش لە ڕووی سەرچاوەی شیعری سودم لە شاعیران (جەبار حەبیب و كەمال ڕێناس) وەرگرتووە.

بۆ گوێگرتن و زیاتر ئاشنا بوون بە (هێڤی) دەتوانی سەردانی ماڵپەڕەكەی بكەیت(www.hevy.net)

# هونەرمەند و نوسەران لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ

## ئو نێرگز بشکفتن لە بەرلین



فیلمی کوردی ئو نێرگز بشکفتن، کە لەلایەن گروپێك لە هونەرمەندنی شاری دهۆك بەرهەمهێنراوە، بەمدوایە بەشداری کرد لە فیستیڤالی بەرلینی نێودەوڵەتی، دەرهێنەر و ئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمە بە(کۆوار)ی راگەیاند، فیلمەکە لەتەك360 فیلمی چەندین وڵاتی دونیا بەشداریی لەو فیستڤاڵەدا کرد، کەتیایدا خەڵاتی رێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی بۆ ساڵی2006 پێبەخشرا. دەرهێنەری فیلمەکە ئەوەشی وت، کە ئەم خەڵاتە، یان بەشداربوونی فیلمەکەیان، لە فیستیڤاڵێکی نێودوڵەتیدا بۆ ئەوان مایەی شانازییە، ئەم دەسکەوتە هونەریەش دەرهێرو هونەرمەندانی کورد، پتر هاندەدات بۆ ئەوەی کاری باشتر پێشکەش بکەن. شایەنی گوتنە فیلمی ئو نێرگز بشکفتن لە دەرهێنانی هونەرمەندان(مەسعود عارف و حوسێن حەسەن)ە

## شێرکۆ بێکەس
## بە ئاسمانێکی جیاوازدا فڕی

ژیانی شاعیری ناسراوی کورد (شێرکۆ بێکەس) کراوەتە فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری، ئەم فیلمە لە ژێر ناوی (فڕین بە ئاسمانێکی جیاوان) بەرهەمهێنراوە، (کۆوار) زانیوویەتی، کە ماوەیەکە پرۆسەی مۆنتاژکردنی فیلمەکە



لە وڵاتی ئەڵمانیا تەواوبووە.

ماوەی فیلمەکەش (82) خولەکە و بڕیارە بفرۆشرێتە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی جیهانی. هەروەها بڕیار وایە فیلمەکە بۆ سەر زمانەکانی (سویدی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، تورکی) دۆبلاژ بکرێت. جێی گوتنە ئەم فیلمە لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند (سیروان رەحیم)ە و لەلایەن کامیرامانی ئەڵمانی (یوکسەل ئابی) دیمەنەکانی گیراون.

دەرهێنەری ئەم فیلمە، ئەم کارە هونەریەی وەك رێزلێنانێك لە شاعیری کورد(شێرکۆ بێکەس) بەرهەمهێناوە، وەك خۆیشی دەڵێ (شێرکۆ بێکەس، خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کردووە، خۆشەویستیم بۆ ئەم خزمەتە و ئەدەبیاتی ئەم شاعیرە وایکردوە، بیر لەم کارە هونەرییە بکەمەوە).

## (4) بەرهەمی نوێی( شوان قەرەداغی)



**هونەرمەند** (شوان قەرەداغی) لە لێدوانێکیدا بۆ (کۆوار)، ئاماژەی بە دوا پڕۆژە هونەرییەکانی کرد، کە بریتین لە تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی (4) گۆرانی تازە، وەك شوان رایگەیاند، بەمزوانە ئەم گۆرانیانەی بە شێوەی (ئۆرجینال) لە تورکیاچاپ دەکرێن و بە بۆنەی جەژنی نەورۆز لە کوردستان بڵاودەکرێنەوە، ئەو وتی: ئاواز و هۆنراوەی گۆرانیەکانی فۆلکلۆرین و بە شێوازێکی نوێ دابەشکراون. شایەنی باسە ئەم کارە لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان جێبەجێدەکرێت.

## ماهر تاجەگوڵینەیەك پێشکەش بە هەڵەبجە دەکات



**دوابەدوای** کارکردن لە دواین ئەلبوومیدا، (ماهر)ی سترانبێژ، بەرهەمێکی هونەری یەك خولەکی لە ژێر ناوی (تاجە گوڵینە) بەرهەمهێنا، کە بەشێوازێکی پرۆفیشناڵ مامەڵەی لەگەڵ دونیای مۆسیقا و ستراندا کردوە. لەم بارەیەوە (ماهر) بە (کۆوار)ی راگەیاند، کە ئەم سترانەی وەك وەفایەك پێشکەش بە گیانی قوربانیانی هەڵەبجە کردووە.. گۆرانیەکەش لە شیعری ( ساسان عەونی ) و ئاوازی خۆیەتی، کاری مۆسیقای لەلایەن (هۆگر عەزیز) و کاری دەنگیشی لەلایەن( ئاکۆ عومەر) جێبەجێکراوە.

## نیکی کەریمی لە فیلمی(( یەك شەو))دا

**ژنە** ئەکتەری سینەمایی ئێرانی (نیکی کەریمی) بەهۆی نواندنی رۆڵی سەرکەوتوانەی لە فیلمەکانیدا، نەك هەر لەسەر ئاستی ئێران، بەڵکو لەسەر ئاستی زۆر لە وڵاتان ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە. نیکی بەم دوایانە لە فیستیڤاڵی فیلمی



فەجری ئێرانی بە فیلمی ((یەك شەو)) بەشداری کرد، بەڵام بەهۆی درکاندنی هەقیقەتی شەوانی تاران، لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتی فیستیڤاڵی فەجر، بە تایبەتی بەفشاری کۆماری ئیسلامی ئێران و پیاوانی ئاینی فیلمەکەی بایکۆت کرا.

فیلمی ((یەك شەو)) باس لە رەوشی شەوانەی شاری تاران دەکات، کە لە هەر شەوێکدا چەندین حاڵەتی کوشتن دەکەونەوە. هەروەها لە فیلمەکەدا باس لە ژیانی یەك شەوی کچێکی تارانی، کە بە ناچاری لە دەرەوەی ماڵ دەمێنێتەوە دەکات. نیکی لە زۆربەی فیلمەکانیدا خاوەن بینەرێکی زۆرە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی لاوان. لە کوردستانیشدا لە رێگای فیلمی ((دوو ژن)) توانی سەرنجی خەڵکێکی زۆر بۆ خۆی رابکێشێت.

شایەنی باسە (نیکی کەریمی) لەدایك بووی ساڵی (1971)ی شاری تارانە و لە رێگای چالاکی قوتابخانەکان و دواتریش فیلمی (دڵەڕاوکێ) هاتۆتە نێو دنیای هونەری. لە گرنگترین رۆڵیشیدا بەشداربوونی بوو لە فیلمی (بووك)، تائێستاش خاوەنی چەندین خەڵاتی سینەماییە، لەوانەش خەڵاتی فیستیڤاڵی(سان سباستیان) لە(ئیسپانیا) وەك باشترین ئەکتەری ژن لە فیلمی (سارا)، جگە لە خەڵاتی فیسیڤاڵی (نانت)ی فەرەنسی، لە چەند دەورێکی فیستڤاڵی فەجریش وەك باشترین ئەکتەری ژن لە فیلمەکانی (بووك، سارا، پەری، رەوانی و دوو ژن) هەڵبژێردراو، لە فیستیڤاڵی( ئائورمینا)ی ئیتالیش لە ساڵی 1999 خەڵات کرا، وێڕای وەرگرتنی چەندین خەڵاتی دیکە لە قاهیرە و ئێران، بەڵام دواجار هەرچەند فیلمەکەی ((یەك شەو)) دەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی ئێران لێکەوتەوە، بەڵام بەهۆی درکاندنی هەقیقەتی شەوانی تاران ئەم کارە هونەرییەی بایکۆت کرا.

# بڵند ئیبراهیم لە کلیپی مۆمی تەمەندا



پـاش بـڵاو کردنـەوەی دوا ئەلبومی،لـە پەیوەنـدیکی لەگـەڵ (کـۆوار )هونەرمەنـد( بڵنـد ئیـبراهیم) رایگەیاند، کـە بـە نیـازە بەمزوانـە لەگـەڵ کۆمپانیـای (ئاڤـا فـیلم) دەسـت بکـەن بـە وێنـەگرتنی ڤیـدیۆ کلیپـی (مـۆمی تەمـەن ) کـە لـەئاواز و هـۆنراوەی (کامـەران عەبـدورەحمان) ەو کـاری دەرهێنـانی لەلایـەن(هـۆزان مـزوری) جێبەجێـدەکرێت، وەك بڵنـدئاماژەی بۆکرد، ئەم گۆرانیە بەدیالێکتی خواروو گوتراوە .

شایانی باسە هونەرمەند (بڵند ئیبراهیم) لەم دوا یە، نوێترین ئەلبومی خـۆی بـەناوی (وەرەپـەری) بڵاوکـردەوە، کـە لـە (13) گۆرانی پێك هاتووەو بەستایلێکی نویٚ کاری کردووە، زۆربـەی ئاوازەکـانیش هـی خۆیـەتی، کـە لەنێویانـدا دوو گـۆرانی بـەزاراوەی کرمـانجی خـوارو، دووگـۆرانیش بـە شـێوە زاری ناوچەی شنگاڵ گـوتراون.. جگە لەمـەش (بڵنـد ئیبراهیم) کە دەرچـووی پـەیمانگای هونـەرە جوانـەکانی دهـۆك بەشـی مۆسیقایە، یەکیشە لەو ستران بێژە لاوانەی کە لە رێگەی کاری هونـەری جـوان و سـەرنجڕاکێش جـەماوەرێکی زۆری پەیـدا کردوەو ئومێدیش دەکریٚ لە ئایندەدا کاری جدی تر و زانستی تر ئەنجام بدات.

# بێدەنگی هەڵەبجە،دەکرێت بە فیلمێکی سینەمایی

**هەڵەبجـە** وەك یـەکێك لـەو کارەسـاتە گەورانـەی کـە بەسـەر کـورد دا هـاتووە بۆتـە یـەکێك لـەو سـیمبولانەی کـە لـە نێـو مێـژووی کـوردا بـە بـەردەوامی دەمێنێتـەوە، لـەلای گـەلێك هونەرمەندانیش بۆتە هەوێنی کار کردن و کاری قەشەنگ و پڕ گوزارشتی لێهاتۆتە بەرهەم.. جگە لەوەش لەلای هونەرمەندانی بێگانەش وەك ماددەیەکی گوزارشتکاری، کاری لەسەر کراوەو چـەندان ئیـشی گوزارشـتکاری و مەیـدانی لەمـەڕ چـیٚ بـووە، نیازیش وایە سینەماکارانی عەرەبیش کاری سینەمایی لەسەر بکـەن، لـەم رووەشـەوە لەلایـەن دەرهێنـەری عێراقـی (ئـەنوەر یاسری) سیناریۆك سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە نووسراوە. سەرچاوەیەکی نزیك لە دەرهێنەری عێراقی( ئەنوەر یاسری) کە لە ئیمارات دادەنیشیٚ بە(کۆوار)ی راگەیاند، نیاز وایە بەمزوانە دەسـت بکرێـت بـە وێنـەگرتنی فیلمێکـی سـینەمایی لـە سـەر کارەسـاتی هەڵەبجە. سەرچاوەکە ئەمەشی پێڕاگەیانـدین، کـە سیناریۆی فیلمەکە تەواو بووە.. سەرچاوەکە ئەوەشی وت کە "فیلمەکـە لـەژێر نـاوی(بێـدەنگی)یـەو مەبەسـتیش لـەو نـاوە گوزارشـتکردن و ئاماژەییـە لـە بێدەنگی رای گـشتی عـەرەبی و نێودەوڵەتی لە بەرامبەر رووداوی هەڵەبجە.

(ئەنور یاسری) سینەماکار ئەم کارە هونەریەی لەسەر ئەرکی



خـۆی جێبەجێـدەکات و بـۆ ئـەم مەبەسـتە دوو ملیـۆن دۆلاری تـــەرخانکردووە و بەڕێوەبەرایـــەتی ســـینەمای کوردســـتانیش ئاسانکاری پێویستی بۆ دەکات.

# وەهمەکانی دۆستایەتی



شوان رەشید

**هەمووومان** بەشێوەیەك لە شێوەکان دۆستایەتی دەکەین. ئەوانەش کە خۆیان لە هەموو کەس بەدوور دەگرن ودەچنەوە باوەشی تەنیایی، پێی بزانن یان نا دۆستایەتی دەکەن.

مەبەست لە دۆستایەتی ئەو پەیوەندییە ویژدانی وگیانییەیە، کە لەگەڵ کەسێك، یان شتێك، یان وەرزێك وکاتێك هەمانە. ئەو پەنجەرە پڕ سەبووریەیە، کەژیانی بەڕەنگێکی تر تیادا دەبینین و بۆ دڵنەوایی دەچینە باخەڵیەوە.

دۆستایەتی لای هەمووومان هەمان ناو و مانای نییە، بەڵام لە جوانتر کردنی ژیانی هەمووماندا بایەخی خۆی هەیە. لە هێمنکردنەوەی ناخی هەمووماندا پانتاییێکی گەورە داگیر دەکات و لەکوێدا بێتاقەتیمان ئەوپەڕی بێت، لەوێدا بەدوای دۆستایەتیدا دەگەڕێین.

کاتێکی زۆر بۆ مومارەسەکردنی دۆستایەتی تەرخان دەکەین، بەڵام کەمتر کاتمان هەبووە بۆ بیرکردنەوە لە وردکاریەکانی دۆستایەتی خۆی. بیرکردنەوەشمان لە دۆستایەتی بیرکردنەوەمانە لەو جەمسەرانەی رایەڵەکانی دۆستایەتیان هەڵگرتووە. بیرکردنەوەمانە لەوکەسانەی لەگەڵماندا، مومارەسەی دۆستایەتی دەکەن. رەنگە هەندێ جار ئەو پرسیارە بکەین ( چۆن بووین بە هاوڕێ ؟ ) بەڵام دەگمەن لەوە دەپرسین ( بۆ بووین بە هاوڕێ ؟) کەمتر بەلای ئەو خەیاڵەدا دەچین، کە ئێمەیان لە یەکتری نزیك کردەوە وکەمتر پەنجە دەخەینە سەر ئەو خەونانەی کۆی کردینەوە.

بیرمان چۆتەوە لەکام گەرووی بڕیار یەکترمان بۆسەر سفرەکانی دۆستایەتی بانگ کرد، بەڵام بیرمان ناچێتەوە کام رێگا دەمانباتەوە سەر ماڵی برادەرەکانمان ئەو کاتەی دڵتەنگ دەبین. گرنگ نییە چەندمان کات پێویست بوو بۆ دۆستایەتی، گرنگە چەند لەگەڵ دۆستەکانمان پێکەوە دەبین. لەهەموو ئەو کاتانەش، کە پێکەوەین بیر لە جوانییەکانی یەکتری دەکەینەوە، خۆمان بە ژماردنی جوانییەکانی یەکتریەوە خەریك دەکەین و ستایشی دڵی گەورەی یەکتری دەکەین. خەیاڵمان هەمیشە لای دڵخۆشکردنی برادەرەکانمانە و دەبێت حساباتی ورد بۆ قسەکانمان بکەین، نەبادا لێمان بتۆرێن. دەبێت لە هەموو هەنگاوێکدا وریای دڵی ئەوان بین نەشکێ. دەبێت بەرگەی چەندین ئازار بگرین، تا ئەوان ئاسودە بن

هەموو ئەمانە دەکەین و دڵمان بە دۆستایەتی ئەوان خۆشە. هەموو ئارەزوەکانمان ئەکەین بە ئارەزوی ئەوان و هەست بە نیگەرانی ناکەین. قەتیش بیر لەوە ناکەینەوە هەموو ئەمانە بۆ دەکەین؟ بۆ خۆمان بیر ئەچێتەوە و بیر لە خۆشبەختی برادەرەکانمان دەکەینەوە.

بۆ دەبێت سەیری ژیان بکەین و ئەوانی بە قەشەنگی تێدا ببینین، لەهەر گۆشەیەکی دونیاشدا ئەوان تاریك دەربکەون، ئێمە بە رووناکی بیانبینین . هەرگیز باوەڕ بە نیگاکانی خۆمان ناکەین، ئەوانی بە ناشیرینی تیا دەربکەوێت.

لەخەیاڵی ئێمەدا بەردەوام وێنەیەکی رەنگاورەنگی ئەوان ئامادەیە، هەمان ئەو نیگارەیە، کە ئێمە دەمانەوێت، هەمان ئەو رەنگانەش، کەپێمان خۆشە بیبینین، نەك ئەو رەنگانەی کە بەڕاستی لە نیگار وسیمای ئەواندا هەن. بۆیەشە بەردەوام هەوڵدەدەین برادەرەکانمان بەو شێوەیەبن، کە ئێمە دەمانەوێت نەك وەك ئەوەی هەن. کەواش نابن دڵمان دەڕەنجێ و لە چەند چرکەیەکدا وێنەی هەموو دونیامان لەلا دەگۆڕێت. وێنەی برادەرەکانمان و هەموو ئەو پێناسانەش، کە بۆ یەکتریمان دەکرد.

ئەمە ئەو ساتە قورسانەن، کە باوەڕ بە مەرگی دۆستایەتی ئەهێنین و دەست ئەدەین لە برینی دڵی یەکتری و پێمانوایە تائەبەد ساڕێژ نابنەوە. ئەمە ئەو کاتەیە، کە باوەڕ بە نیگاکانی خۆمان ئەهێنین و بێرتوش وێنەکان دەبینین ودەزانین لەیەکتری ناچن.

بەڵام ئەوەی دەمرێت دۆستایەتی نییە، بەقەد ئەوەی مردنی وەهمە جوانەکانی ئێمەیە. ئەوە برینی دڵی ئێمە نییە خوێنی لەبەر دەڕوات، هێندەی نەزیفی دونیابینی ئێمەیە بۆ دروستکردنی کۆپی روحی خۆمان و کوشتنی جیاوازییەکان، ئەوەی دەشکێ پێکە پڕ وەهمەکانی ناودەستی خۆمانە، نەك شووشە پڕ شەرابیەکانی دۆستایەتی، هەموو ئەمانەش دواتر ئەمانخاتە سەر ئاوازەکانی بێ ئارامی. ئەوکاتانەی ناچار بیر لە گۆڕانی ئەو جەمسەرانە دەکەینەوە، کە ڕایەڵەکانی دۆستایەتیان هەڵگرتووە، بەدوای بکوژانی دوستایەتیدا دەگەڕێین، تاریکی غەرقمان دەکات. بەدوای دۆزینەوەی ئەو خەتایانەدا وێڵین، کە دورمان ئەخەنەوە لە هاوڕێکانمان. هەمیشە ئەوانەش وێڵدەبن، کەدڵێکی گەورەیان داوە بەدۆستایەتی، ئەوانەی وەرز دوای وەرز گیان ئەکەن بەبەر دۆستایتیدا و، کەچی لە چرکەساتێکی چاوەڕوان نەکراودا هەموو ئومێدەکانیان هەپرون بەهەپرون دەبێت و تائەبەد لەگەڵ ژیان ئاشت نابنەوە.

ئەمە ئەو کاتەیە، کە ئیدی وەهمەکانمان جێماندەهێڵن و رووبەڕوومان دەکەنەوە لەگەڵ وێنە جیاوازەکانی برادەر، کە پێمانوابوو وێنەکانی خۆمانن.